کرێکارانی جیهان یەکگرن!

# گۆڤاری پێشڕەو

# ٤٨٧

گۆڤاری پێشڕەو – ئۆرگانی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

دەوری سێهەم – ژمارە ٤٨٧ – خاکەلێوەی – مارسی ٢٠٢٦


## پەیامی نەورۆزیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## بەبۆنەی هاتنی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٥ی هەتاوی




### پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

### بەبۆنەی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٥ی هەتاوی




### بەرز و بەرێز بێت یادی گیانبەختکردووانی کۆمۆنیستی گوردانی شوان




### بەیاننامەی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

### بارودۆخی سیاسی ئێستا و دەبێ چی بکەین؟

### بە یادی کۆمۆنی پاریس، یەکەمین دەسەڵاتی کرێکاریی جیهان

### یادی کۆمۆنی پاریس لە ناخی چینی کرێکاردا زیندووە

### ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەژێر گوشاری ئابووری جەنگیی حکوومەتی ئیسلامیدا

### پەیامی موجتەبا خامنەیی، پەرەپێدانی کەشی شەڕ و دەنگی پێی فاشیزمی سپای پاسداران

## سەروتار

## ڕۆڵی میدیاکانی ڕەوتی زاڵ لە ئاساییکردنەوەی شەڕدا

لە بارودۆخێکدا کە زیاتر لە هەفتەیەک بەسەر شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە تێدەپەڕێت، میدیاکانی ڕەوتی زاڵ و هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوە لە داڕشتن و ئاراستەکردنی ڕای گشتیدا دەگێڕن. ئەوەی لەم کەشەدا زیاتر لە هەر شتێک سەرنج ڕادەکێشێت، ئەو هەوڵە بەربڵاوەیە بۆ ئاساییکردنەوەی شەڕ و نیشاندانی وەک ڕێگەیەک بەرەو ئازادی، دیموکراسی و خۆشگوزەرانی. لە گێڕانەوە و گوتاری زاڵی میدیاییدا، ئەو شەڕەی هەڵگیرساوە یان پاڵپشتی لێ دەکرێت، نەک وەک کارەساتێکی مرۆیی، بەڵکوو وەک «زەروورەتێکی مێژوویی» یان تەنانەت «دەرفەتێک بۆ ڕزگاری» پێناسە دەکرێت. ئەم جۆرە گێڕانەوەیە نەک تەنیا شێواندنی ڕاستییەکانە، بەڵکوو بەشێکە لە میکانیزمی ئایدۆلۆژیکی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانی بۆ شەرعیەتدان بە دەستێوەردانە سەربازییەکان و بەرهەمهێنانەوەی هەژموون و باڵادەستیی خۆی

میدیاکانی ڕەوتی زاڵ لە دەیەکانی ڕابردوودا چەندین جار سەلماندوویانە کە چۆن دەتوانن شەڕ بە شێوەیەکی قبووڵکراو و تەنانەت ئەخلاقیش نیشان بدەن. لە هەواڵ و شیکارییەکانیاندا، چەمکگەلێکی وەک «هێرشی ورد»، «ئۆپەراسیۆنی خاڵپێک» یان «دەستێوەردانی مرۆڤدۆستانە» جێگەی چەمکەکانی وەک بۆردومانی شارەکان، کۆمەڵکوژیی خەڵکی مەدەنی و وێرانکردنی ژێرخانە هەستیارەکان و ئاوارەبوونی خەڵک دەگرنەوە. ئەم گۆڕینی دەستەواژانە تەنیا یارییەکی زمانەوانی نییە؛ بەڵکوو بەشێکە لە پرۆسەی «خوێنشۆردنی» شەڕ. لە چوارچێوەیەکی لەم شێوەیەدا، ئەو وێنە و ڕاپۆرتانەی کە دەتوانن ڕاستییە توندوتیژەکانی شەڕ ئاشکرا بکەن، یان سانسۆر دەکرێن یان دەخرێنە پەراوێزەوە. لە بەرامبەردا، تیشک دەخرێتە سەر ئەو گوتارانەی کە هێرشە سەربازییەکان بە عەقڵانی، پێویست و تەنانەت ڕزگارکەرانە نیشان دەدەن. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش هەرچەندە لە ڕواڵەتدا فەزایەکی ئازادتریان بۆ دەربڕینی بۆچوونە جیاوازەکان ڕەخساندووە، بەڵام لە پراکتیکدا زۆرجار یارمەتیدەری بەرهەمهێنانەوەی هەر هەمان گوتار و گێڕانەوەن. لە دەرەنجامدا، شیکاری ڕەخنەگرانە سەبارەت بە ماهیەتی شەڕ و ڕۆڵی زلهێزە ئیمپریالیستییەکان کەمتر دەبینرێن، لە

کاتێکدا گێڕانەوە سادە و ڕووکەشییەکانی وەک «شەڕ لەپێناو ئازادیدا» بە خێرایی پەرەدەستێنن

یەکێک لە گرنگترین ئەو بانگەشانەی لەم کەشوهەوایەدا دەکرێت ئەوەیە کە گوایە شەڕ دەتوانێت ببێتە هۆی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و لە ئەنجامدا ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵکی ئێران و تەنانەت ناوچەکەش لێ بکەوێتەوە. لەوانەیە ئەم بانگەشەیە لە ڕوانینی یەکەمدا بۆ بەشێک لە کۆمەڵگا کە ساڵەهایە لەژێر زەخت و سەرکوت و قەیرانی ئابووریدا دەژین، سەرنجڕاکێش بێت. بەڵام هەڵسەنگاندنی مێژوویی دەریدەخات کە بەڵێنی لەم شێوەیە لە ڕابردووشدا چەندین جار دراون و لە زۆربەی هەرە زۆری حاڵەتەکاندا ئاکامێکی تەواو پێچەوانەیان لێ کەوتووەتەوە. نموونەکانی عێراق، ئەفغانستان، لیبی و سووریە لەم بوارەدا پڕاوپڕن لە پەند و وانە. لە هەر یەک لەم وڵاتانەدا، دەستێوەردانە سەربازییەکان بە بەڵێنی هێنانەدی ئازادی، دیموکراسی یان کۆتاییهێنان بە دیکتاتۆری پاساویان بۆ هێنرایەوە. بەڵام، ئاکامی ڕاستەقینە هیچ نەبوو جگە لە وێرانکاریی بەربڵاو، داڕمانی ژێرخانەکان، پەرەسەندنی هەژاری، تەشەنەسەندنی توندوتیژیی تایفەگەری و ناسەقامگیریی درێژخایەن



شەڕە ئیمپریالیستییەکان لە بنەڕەتدا نەک بۆ ڕزگاریی خەڵک، بەڵکوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجە جیۆپۆلەتیکی و ئابوورییەکانی زلهێزەکان دادەڕێژرێن. کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە، فراوانکردنی هەژموونی ناوچەیی، زامنکردنی ئاسایشی ڕێڕەوە بازرگانییەکان و پاراستنی باڵادەستی سیاسی، هۆکاری ڕاستەقینەی دەستێوەردانەکانن. لە هەمان کاتدا، دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین کە ڕێژیمەکانی وەک کۆماری ئیسلامیش، دۆخی شەڕ وەک دەرفەتێک بۆ چەسپاندن و قایمکردنی دەسەڵاتی خۆیان دەقۆزنەوە. مێژوو سەلماندوویەتی کە حکوومەتەکانی هاوشێوەی کۆماری ئیسلامی لە دۆخێکی وەهادا زۆرجار دەتوانن فەزای ناوخۆیی میلیتاریزەتر و ئەمنیتر بکەن، نارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکان سەرکوت بکەن و نەیارانی سیاسی بە شێوەیەکی دڕندانەتر بخەنە ژێر گوشارەوە. لەم سۆنگەیەوە، دۆخی ئێستا جۆرێک لە پارادۆکسی تاڵ ئاشکرا دەکات؛ لە کاتێکدا میدیاکانی ڕەوتی زاڵ باس لە شەڕ دەکەن وەک ئامرازێک بۆ «ڕزگاری»، بەڵام لە جیهانی واقیعدا شەڕ دەبێتە هۆی توندتربوونی سەرکوت، وێرانکاری، کۆمەڵکوژی و ئاوارەیی، و هەروەها پەرەسەندنی گرانی و هەژاری و نەهامەتیی ئابووری

لەم نێوەندەشدا، ڕۆڵی هەندێک لە ڕەوتە سیاسییەکانی ئۆپۆزیسیۆن جێگەی تێڕامانە. بەشێک لە هێزە پاشایەتیخوازەکان و هەروەها ڕەوتە ناسیۆنالیستەکانی کوردستان و بەلوچستان لە ساڵانی دواییدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو جۆرێک لە هاوتەریبی و خۆگونجاندن لەگەڵ هێزە دەرەکییەکان هەنگاویان ناوە. لە گوتاری ئەمانەدا، هاوکاریکردن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا یان ئیسرائیل وەک «هاوپەیمانییەک بۆ ئازادی» پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. هەڵوێستێکی لەم چەشنە ڕەنگدانەوەی جۆرێک لە پرۆژەی سیاسییە کە هەوڵدان بۆ بەشداریکردن لە دەسەڵاتی سیاسی لە سەرەوەی ئیرادەی خەڵکەوە و لە ڕێگەی دەستێوەردانی زلهێزە ئیمپریالیستییەکانەوە، ئامانجی سەرەکیەتی

ئەزموونە مێژووییەکان زۆر جار ئەوەیان سەلماندووە کە ئازادیی ڕاستەقینە تەنیا لە ڕێگەی خەباتی ڕێکخراوی چینە چەوساوەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەدەست دێت. ئەم خەباتە نەک لە چوارچێوەی پرۆژە جیۆپۆلەتیکییەکانی زلهێزەکاندا، بەڵکوو لە چوارچێوەی ڕێکخستنی سەربەخۆی کرێکاران، ژنان، خوێندکاران و هێزە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا فۆرم دەگرێت. بە واتایەکی دیکە، ڕزگاری هەرگیز ناتوانێت لە ناو بۆردومانی شارەکان و دەستێوەردانی سەربازییەوە لەدایک بێت

کەواتە، ڕەخنەگرتن لە میدیاکانی ڕەوتی زاڵ و گوتارە شەڕخوازەکان تەنیا باسێکی تیۆریک نییە؛ بەڵکوو بەشێکە لە خەبات بۆ بەرگریکردن لە حەقیقەت و ڕێگریکردن لە دووبارەبوونەوەی ئەو کارەساتانەی کە لە ناوچە جیاوازەکانی جیهاندا ڕوویان داوە. لە کۆتاییدا، ئەگەر ئامانجی ڕاستەقینە ئازادی و خۆشگوزەرانیی خەڵک بێت، دەبێت لە هەردوو جەمسەرە وێرانکەرەکەی ئەم شەڕە فاسلە بگیرێت. نە هێرشی سەربازیی ئەمریکا بە هاوپەیمانی لەگەڵ ئیسرائیل و بە مەبەستی داڕشتنی نەزمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دڵخوازی خۆیان و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی نەوت و گاز و ڕێڕەوە ئاوییەکانی ئەم ناوچەیە لە ململانێ لەگەڵ چیندا پەیوەندیی بە بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و جەماوەرەوە هەیە، وە نە پێداگریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەسەر درێژەدان بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، بەرهەمهێنانی مووشەکی بالیستیکی مەودا درێژ و پشتیوانیکردنی لە هێزە «نیابەتییەکان» هیچ پەیوەندییەکی بە بەرژەوەندییەکانی چینی کرێکار و خەڵکی ئێران و ناوچەکەوە هەیە. ئەم شەڕە لە هەردوو بەرەکەیەوە، ململانێ و شەڕێکی کۆنەپەرستانە و سەرمایەدارانەیە

تەنیا لە ڕێگەی پەلەکردن و چڕکردنەوەی خەبات بۆ ئامادەکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامییەوە دەتوانرێت خەڵکی ئێران و ناوچەکە لە دەستی ئەم ڕێژیمە تاوانکارە ڕزگار بکرێت، هەوڵی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی و ڕاستڕەو بۆ ئەلتەرناتیڤسازی لە سەرووی خەڵکەوە پووچەڵ بکرێتەوە، و هەروەها لە بەرامبەر نەزمی ناوچەییی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستانەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا، ئاسۆی ڕوون بخرێتە بەردەم کرێکاران و جەماوەری ستەمدیتەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

❊❊❊

## پەیامی نەورۆزیی
## کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

# بەبۆنەی هاتنی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٥ی هەتاوی

**خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!**

ئەم ساڵ لە هەل و مەجێک دا پێ دەنێینە نەورۆز و ساڵی تازە، کە بەداخەوە، ساڵی ڕابردوو بۆ خەڵکی کوردستان و سەراسەری ئێرانیش ساڵێکی پڕ لە شەڕ و کوشتار و وێرانی بوو. ساڵێک کە تێیدا برسییەتی و هەژاری، هەڵاواردن و تەبعیز و نابەرابەری بارو دۆخی ژیانی کرێکاران و خەڵکی دەستەنگی گەلێک زیاتر پڕ ئێش و ئازار کردوە. بێگومان کۆماری ئیسلامی سەرمایە، هۆکار و بەرپرسی سەرەکی ئەو هەمووە نەهامەت و ژیانە پڕ ئێش و ئازارەیە کە بەسەر کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی ئێران و کوردستانی داسەپاندوە. حکوومەتی دز و گەندەڵی کۆماری ئیسلامی کە بە سەدان میلیارد دولار لە بەرهەمی ڕەنج و کار و سەروەت سامانی کرێکاران و خەڵکانی زەحمەتکێشی بۆ مانی خۆی خەرج کردوە، ساڵهایە لە باری ئابووریەوە تووشی قەیران قووڵ وەرشکەستەیی بووە

ئەم ڕژیمە دژی ئینسانیە کە هیچ مەشرووعییەتێکی لای خەڵک نییە و لە سەر دەریایەک لە ڕق و نەفرت و بێزاری کۆمەڵانی خەڵکی ئێران هەڵنیشتوە، دەزانی کە ماوەی تەمەنی بەسەر چووە و لە سێبەری خۆشی دەترسێ. کۆماری ئیسلامی کە ساڵهایە توانای جوابدانەوە بە ویست و داوخوازی سیاسی و ئابووری خەڵکی نەماوە، بۆ مانی خۆی دەست دەبا بۆ سەرکوت و کوشتار و زیندان و ئەشکەنجە. دیتمان کە لە ئاخیزی جەماوەری مانگی بەفرانباری ڕابردوو دا، ئەم ڕژیمە دژی ئینسانییە، بە فەرمانی عەلی خامنەیی قاتل، هێزە سەرکوتکەرەکانی لە گیان خەڵکی نارازی و وە گیان هاتوو بەردا و لە جنایەتێکی سامناکدا هەزاران کەس لە خەڵکی نارازیان کوشت و دەیان هەزاریان بریندار کرد و زیاتر لە سەد هەزار کەسیان گرت و خستیانە زیندان و ژێر ئەشکەنجەوە.

ڕژیمی ئیسلامی بە هۆی سیاسەت وستراتێژی چواردەیەی ڕابردووی لە پێک هێنانی تاقم و گروپی تیرۆریستی ئیسلامی بە مەبەستی دەست تێوەردان لە کار وباری وڵاتانی ناوچەکە و هەروەها ستراتێژی هەوڵدان بۆ ساز کردنی چەکی ناوەکی، ساڵهایە بارودۆخی ژیانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش خستۆتە ژێر باری کەمەر شکێنی گەمارۆی ئابووریەوە. بە درێژەدان بەو سیاسەت و ستراتیژیە، ڕێگەی بۆ نتانیاهۆی نەسڵ کوژ و ترامپی شەڕخواز خۆش کرد تا بتوانن لە ساڵی ١٤٠٤ بە بەرپا کردنی دوو شەڕی جنایەتکارانە دژی کۆماری ئیسلامی، ژیانی خەڵک لە ئێران بخەنە مەترسییەوە.

بە داخەوە ئێستا لە هەلومەرجێک دا پێ دەنێینە نەورۆز و ساڵی تازە کە سەدان هەزار بنەماڵە لە ئێران و کوردستان لە جیاتی جەژن و شادی، تازیەباری گیان لەدەست دانی

ئازیزانیانن؛ ماڵیان وێران بوە و ئاوارە بوون. دیارە لەم شەڕە دا خامنەیی و دەیان بەرپرسی باڵای ڕژیمیش بوونە دەستەچیلەی ئاگری شەڕێک کە خۆیان لە بەرپا کردنی دا بەشدار بوون

جەماوەری کرێکار و زەحمەتکێش، خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان!

ئێوە کە بە هۆی دەسەڵاتدارێتی ڕژیمی ئیسلامی زیاتر لە هەر کەس ژیانتان کەوتۆتە ناخۆشی و مەترسییەوە، دەزانن کە بە کوژرانی خامنەیی و ئەو ژمارە زۆرە بەرپرسە باڵایانەی ڕژیم و سەرەڕای ئەو هەمووە قەیرانانەش، حکوومەتی ئیسلامی نەرووخاوە. ئەم شەڕە جارێکی دیکە نیشانی دا کە ئازادی خەڵکی کوردستان لە ئێرانیش، نە بەدەست تێوەردانی هێزە دەرەکیەکان و نە بە مووشەکباران و بۆمباران بە دی نایە. دامو دەزگا و ماشێنی کۆشتار و سەرکوتی ڕژیم نەوەستاوە. ئێوە باش دەزانن کە چارەنووس و داهاتووی عومری ڕژیم لە دەست ئێوە دایە کە ئەزموون و تەجروبەی زۆرتان لە تێپەڕاندنی قۆناغە دشوار و سەختەکاندا هەیە. لە هەلومەرجی ئێستا دا، ئێوە دەتوانن بە مانگرتنی سەراسەری لە ناوەندە سەنعەتیە سەرەکێکان دا، بە فەرمانی ڕاگرتنی دەسبەجێی شەڕ و ئازادی زیندانیە سیاسیەکان و کۆتایی هێنان بە سەزای ئیعدام، هەموو دامو دەزگاکانی ئەم ڕژیمە جنایەتکارە ئیفلیج کەن. چینی کرێکار دەتوانێ بە مانگرتنێکی ئاوا هەموو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتیەکانی دیکەش بێنێتە مەیدان و بە هاوئاهەنگی یەکتر ئەم ڕژیمە گەندەڵ و لەرزۆکە بخەنە ناو زبڵدانی مێژۆوە

کۆمەڵە - ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، جارێکی دیکەش پیرۆزبایی نەورۆز و هاتنی بەهار و ساڵی تازە لە هەموو ئێوە کرێکاران و خەڵکی تێکۆشەری کوردستان و سەرتاسەری ئێران دەکا. هیواداریـن، خەباتی دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری و سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بە رووخانی شۆڕشگێڕانە ئەم ڕژیمە کۆنەپەرەست و جەنایەتکارە سەرکەوێ. ئاواتمان ئەوەیە کە ساڵی تازە ساڵێکی پڕ دەسکەوت و سەرکەوتن بەسەر کەندوکۆسپەکانی ژیان و خەبات بۆ هەمومان بێ؛ ساڵی پێشڕەوی و سەرکەوتنی یەکجاری لە خەبات و تێکۆشانمان بە سەرحکوومەتی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بێ و ساڵی تازە ساڵی نەمان و رووخانی شۆڕشگێڕانەی ڕژیمی کۆنەپەرەست و جنایەتکاری کۆماری ئیسلامی بە دەستی پڕ هێزی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش و ئازادیخواز بێ

کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

نەورۆزی ١٤٠٥

مارسی ٢٠٢٦

❊❊❊



# پەیامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

## بەبۆنەی نەورۆز و دەستپێکی ساڵی ١٤٠٥ی هەتاوی

بەهار، ئەم هێما و سەمبولەی زیندوویی و بووژانەوەی سروشت، لە کاتێکدا دێت کە خەڵکی ئێران لەژێر سێبەری شەڕ و گرمەی فڕۆکە شەڕکەر و بۆمبهاوێژەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلدا، ڕۆژگار و ساتەوەختگەلێکی زۆر سەخت و دژوار تێدەپەڕێنن. هێشتا گڕی تووڕەیی و ناڕەزایەتی خەڵکی ئێران دژی تاوانە سامناکەکەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی بەفرانباردا کە تێیدا هەزاران مرۆڤی ناڕازییان بەوپەڕی دڕندەییەوە خەڵتانی خوێن کرد دانەمرکابووەوە، کە ئەمجارە لە نێو بڵێسەی شەڕێکی کۆنەپەرستانە و وێرانکەردا گیرۆدە بوون. شەڕێک کە کۆماری ئیسلامی خۆی یەکێکە لە هەڵگیرسێنەرانی و هەر لە یەکەم ڕۆژیشدا بە کارەساتی دڵتەزێنی کوشتاری منداڵانی قوتابخانەیەکی سەرەتایی لە میناب، ڕوخسارە دزێوەکەی خۆی نیشان دا

نەورۆز و بەهاری ئەمساڵ لە هەلومەرجێکدا دێن کە خەڵکی ئێران هاوکات کەوتوونەتە ژێر مەنگەنەی شەڕ، وێرانی، کوشتار، ئاوارەیی، گرانییەکی بێسنوور، هەژاریی ئابووری و پەرەسەندنی سەرکوت بە بیانووی کەشی شەڕەوە. لەم ڕۆژە سەختانەدا کە بەهێزکردنی یەکگرتوویی و هاوپشتی بۆ کەمکردنەوەی نەهامەتییەکانی ئەم شەڕە لەسەر کار، ژیان و ئاسایشی خەڵک و زیندوو ڕاگرتنی هیوای گۆڕانکاری بووەتە ڕەمزی تێپەڕبوون لەم قۆناغە، هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە کرێکاران، زەحمەتکێشان و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران بە پشتبەستن بەو ئەزموونە بەنرخانەی کە لە ڕەوتی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان و خەبات دژی کۆماری ئیسلامی و لە پێناو بەرگریکردن لە بەها مرۆییەکاندا بەدەستیان هێناوە، ئەم قۆناغەش تێدەپەڕێنن. خەڵکی ئازادیخوازی ئێران تەنانەت دوای تاوانە دژەمرۆییەکەی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لەئاست ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی بەفرانباری ئەم دواییە، نەک هەر ئەژنۆی خەمیان لە باوەش نەگرت، بەڵکوو ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردن و ڕێزلێنان لە یادی ئازیزانیان کردە گۆڕەپانی دادخوازی دژی ئەم ڕژیمە تاوانکارە. بزووتنەوەی خوێندکاری، لە کاردانەوە بە کۆمەڵکوژییەکەی بەفرانبار، زانکۆی کردە گۆڕەپانی خۆڕاگری و ناڕەزایەتی و خوێندکاران بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی لە نێو گەمارۆی هێزە سەرکوتگەرەکاندا، بە ئازایەتییەکی کەموێنەوە تاوانەکانی ڕژیمیان مەحکووم کرد و نیشانیان دا کە زانکۆ هێمای زیندووبوونی کۆمەڵگە و بەردەوامبوونی بەرخۆدانی نەوەی لاوە لە بەرامبەر کوشتار و سەرکوتدا

لە هەلومەرجی ئێستادا کە ڕژیم بە ڕاگەیاندنی دۆخی شەڕ، سەدان کەس لە هاووڵاتییانی بە تۆمەتی هەڵبەستراو دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان کردووە و شەپۆلی لەسێدارەدانەکانیش بەردەوامە، زیندانەکان بوونەتە یەکێک لە ناوەندەکانی قەیران و هێمای خۆڕاگری. هەزاران زیندانی سیاسی کە زۆربەیان لە دوای ناڕەزایەتییەکانی بەفرانبار و چالاکییە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەستبەسەر کراون، لە بارودۆخێکی نامرۆڤانە و لە ژێر سێبەری تیغی لەسێدارەداندا ڕاگیراون. زیندانیان لە کەمترین پێداویستییە سەرەتاییەکان بێبەشن، خواردنی پێویست و دەستڕاگەیشتن بە چارەسەری پزیشکییان نییە و لە ژێر هەڕەشەی ئەشکەنجە، مەرگ و ئەگەری هێرشدان. سەرەڕای دۆخی شەڕ، و سەرەڕای ئەشکەنجە و گوشاری بەردەوام، خۆڕاگریی زیندانیان یەکێکە لە نموونە هەرە دیارەکانی ئازایەتی و بەرخۆدانی خەڵک لە بەرامبەر سەرکوتی سیستماتیکدا

**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!**

ئەم شەڕە جارێکی تر نیشانی دا کە بە پێچەوانەی سیاسەت و هەڵوێستی فاشیستە سەڵتەنەتخوازەکان و ئەو بەشە لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی کە بۆ دەستپێکی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل چرکەژمێریان دەکرد، ئازادی لە ڕێگەی دەستتێوەردان و بۆردومانی ئەم زلهێزە ئیمپریالیستییانەوە بەدەست نایەت. شووشەی تەمەنی ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی لە دەستی چینی کرێکار و خودی جەماوەری ئێراندایە. ئەگەرچی هەلومەرجی شەڕ، گرانی بێسنوور، هەژاری بێوێنە و پەرەسەندنی سەرکوت، ڕێگەی خەباتی سەختتر و پڕ لە کەند و کۆسپ کردووە، بەڵام هیچ چارەیەک نییە و دەبێ هیوای گۆڕانکاری ببوژێندرێتەوە و لەگەڵ تێکۆشان بۆ وەرچەرخان ئاوێتە بکرێت. لەم هەلومەرجەشدا، تێکۆشانی چالاکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی تر بۆ ڕێکخستنی مانگرتنە کرێکارییەکان و مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان کە هاوکات ناوەندەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری، بەشە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە و بەشداریی دەستە و گرووپە گەورەکانی خەڵک بگرێتەوە و شارەکان دابخات، بە داواکاریی کۆتاییهێنانی دەستبەجێی شەڕ، ئازادی سەرجەم زیندانیانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، دەتوانێت کۆماری ئیسلامی بخاتە ژێر گوشارێکی توندەوە و ماشێنی شەڕ و سەرکوتی ئەم ڕژیمە تاوانکارە ڕابگرێت و زەمینە و پێداویستییەکانی ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی فەراهەم بکات. مێژوو گەلێک جار سەلماندوویەتی کە کاتێک کرێکاران و کۆمەڵانی بەرینی بێبەشان و خەڵکی ئازادیخواز یەکگرتوو و یەکدەنگ بۆ ڕزگارکردنی خۆیان پێ دەنێنە مەیدانی خەباتەوە، بۆ خەباتێکی هەمەلایەنە دژبە ستەمکاران و دەسەڵاتەکەیان، هیچ هێزێک ناتوانێت پێشیان پێ بگرێت

حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، وێڕای پیرۆزبایی نەورۆز و ساڵی نوێ لە کرێکاران و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران؛ لە بنەماڵەی سەربەرزی گیانبەختکردووانی ڕیزەکانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران؛ لە بنەماڵەی گیانبەختکردووانی ڕێگەی ئازادی؛ لە بنەماڵە دادخوازەکان؛ لەو دایکانەی بە سەربەرزییەوە لە بەرامبەر بکوژانی ڕۆڵەکانیاندا سروودی ئازادییان چڕی، و لە زیندانیانی سیاسی کە ژوورەکانی زیندانیشیان کردووەتە سەنگەری خەبات دژی سزای لەسێدارەدان، ئاواتەخوازە ساڵی داهاتوو ساڵی پەرەسەندن و قایمکردنی یەکگرتوویی و هاوپشتی، ساڵی پێشڕەوی لە خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و وەدیهێنانی ئاشتی، ئازادی، بەرابەری، ئاسایش و خۆشگوزەرانی بێت

بەهارتان شکۆدار و نەورۆزتان پیرۆز بێت

کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

٢٨ی ڕەشەمەی ١٤٠٤

١٨ی مارسی ٢٠٢٦

❊❊❊

# بەرز و بەڕێز بێت یادی گیانبەختکردووانی کۆمۆنیستی گوردانی شوان



٣٨ ساڵ لەمەوبەر لە ڕۆژانی ٢٥ و ٢٦ی مانگی ڕەشەممەی ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا هاوکات لەگەڵ دوایین مانگەکانی شەڕی کۆنەپەرستانەی ئێران و عێراق، ناوچەی دەشتی شارەزوور لە کوردستانی عێراق بوو بە مەیدانی شەڕێکی خوێناوی، کە تێیدا هەزاران کەس لە خەڵکی بێدفاعی دانیشتووی ئەم ناوچەیە، ژن و پیاو و منداڵ و پیر و لاو، بەهۆی بۆمبارانی شیمیایی ئەرتەشی .جەنایەتکاری ڕژیمی عێراق، گیانیان بەختکرد

لەو نێوەشدا کۆمەڵە کە لە ماوەی ٨ ساڵ شەڕیماڵوێرانکەری ئێران وعێراقدا، بە دروشمی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ، دژ بەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە هەڵوێستی گرتبوو و بەردەوام هەوڵی دەدا خۆی لە مەیدانەکانی بەدوور ڕابگرێ، ئەمجارەیان سەرەڕای دژایەتیی کۆمیتەی تەشکیلاتی ناوچەی سنە و فەرماندەکانی تیپی ١١ی سنە و ئەو هۆشدارانەی کە دران، لەئاکامی سیاسەت و بڕیارێکی نادروستی ڕێبەریی ئەوکاتی کۆمەڵە واتە جێگرکردنی یەکێک لە گوردانە ڕەزمییەکانی تەشکیلاتی ناوچەی سنە لە ئاوایی سنووریی بیارە، گوردانی شوان نەخوازراو کەوتە داوی ئەو شەڕەوە و بەهۆیەیوە کۆمەڵە و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان خەسارێکی قەرەبوونەکراوەی بەرکەوت. ئاوایی بیارە لە ناوچەی هەورامان کە گوردانی شوان لەوێ جێگیر کرابوو لە خاکی عێراق دایە و لە نزیکی سنووری کوردستانی ئێران هەڵکەوتووە. ئەو سەردەم بەشێک لە دانیشتووانی ئاوایی کە نیگەرانی هەڵگیرسانی شەڕ بوون ناوچەکەیان چۆڵ کردبوو. لە مەودای نێوانی شوێنی جێگربوونی گوردانی شوان و هێزەکانی کۆماری ئیسلامی، نە خەڵک، نە هێزەکانی ئەرتەشی عێراق و نە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی عێراق حزووریان نەبوو. بەرزاییەکانی ناوچەکە لەژێر کۆنترۆڵی ڕژیمی کۆماری ئیسلامیدا بوون، بەجۆرێک کە هێزەکانی ڕژیم دەیانتوانی بە خۆمپارە و چەکی نیوەقورسی دیکە نائەمنی پێک بێنن. لەڕاستیدا بیارە بە هیچ پێوەرێکی نیزامی پشتی جەبهە بە حیساب نەدەهات و شوێنێکی گونجاو نەبوو بۆ حەسانەوە و .هێزگرتنەوەی پێشمەرگەکان

نزیکەی حەوتوویەک بەرلە کارەساتی گوردانی شوان، هەم لەلایەن خەڵکەوە و هەم لەلایەن هاوڕێیانی خۆمان کە لە ناوچەکەدا بوون هەواڵ و ڕاپۆرت سەبارەت بە جموجۆڵی هێزەکانی ڕژیم بە کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە و ڕوونووسەکەی بە کۆمیتەی ناوچەی سنە دەگەیشت کە باسی هێرشی ئیحتمالی ڕژیم بۆسەر ناوچەکەیان دەکرد. گوردانی شوان و فەرماندەییەکەی لەم جمووجۆڵانە ئاگاداربوون و لە حاڵەتی ئامادەباشی تەواودا بوون. دوو ڕۆژ بەرلە کارەساتەکە هەواڵەکان باسیان لەوە دەکرد کە جمووجۆڵەکانی ڕژیمی ئیسلامی لە بەرزاییەکانی ناوچەکە زیاتر بووە و جاروبارە دەوروبەر و خودی پردی "زەڵم" واتە ڕێگای .پەیوەندی بۆ پاشەکشە، خۆمپارەباران و تۆپباران دەکات

بەیانیی ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەممە هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی فەرماندەی نیزامیی گوردانی شوان لەڕێگەی بێسیمەوە فەرماندەی نیزامی تەشکیلاتی ناوچەی سنە ئاگادار دەکاتەوە کە هێزەکانی ڕژیم بەرەو بەرزاییەکانی شوێنی جێگیربوونی گوردانی شوان پێشڕەوییان کردووە. ئەگەرچی بەپێی بڕیاری نادروست و قەراری پێشووی ڕێبەریی کۆمەڵە، گوردانی شوان لەژێر فەرماندەیی ڕاستەوخۆی کۆمیتەی ناوچەی سنە و فەرماندەیی تەشکیلاتی سنەدا بوو، بەڵام هاوڕێ شۆکێ بە ڕاوێژ لەگەڵ هاوڕێی فەرماندەی نیزامیی تەشکیلاتی ناوچەی سنە (تیپی ١١ی سنە) بڕیاریان دا کە دەستبەجێ لە گوندی بیارە بڕۆنە دەر، بەڵکوو بتوانن لەڕێگەی پردی "زەڵم"ەوە بەرەو ناوچەی سەید سادق پاشەکشە بکەن. بەڵام لە نزیکیی ئەم ناوچەیە ئاگادار بوونەوە کە هێزەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی "بەرەی کوردستان"ی عێراق بەشێکی بەرین لە ناوچەکەیان خستووەتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە و پردی سەرەکی کە بۆ درێژەدانی ڕێگای خۆیان دەبووایە لێی تێپەڕن، لەلایەن ئەم هێزانەوە تەقاوەتەوە. لەگەڵ ڕووخانی ئەم پردە هیچ ڕێگایەک بۆ .پاشەکشە بێجگەلە تێپەڕین لە ڕووباری سیراون نەمابووەوە

هاوڕێیانی گوردانی شوان کە ناچار بوون بەرەو ڕووباری سیروان حەرەکەت بکەن، لە ماوەی ڕۆژدا بەناچار هەر لەو نزیکانە دەچنە ناو ئاوایی "عەنەب" و بەنهێنی چەند شوێنی مانەوە دەدۆزنەوە، تا بەڵکوو لەگەڵ تاریکبوونی هەوا ڕێگای پاشەکشە بەرەو ڕووباری سیروان دیاری بکەن. بەڵام مانەوەی ئەوان لەماوەی ڕۆژدا لەو شوێنە، هاوکاتە لەگەڵ بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە لە پێنج کیلۆمیتریی ئەوێ کە بەهۆی بڵاوبوونەوەی گازە ژەهراوییەکان لە گشت ناوچەکە ژمارەیەک لە هاوڕێیان بەسەختی و ژمارەیەکیش تا ڕادەیەک مەسموم دەبن. هاوڕێیانی گوردانی شوان کە تا تاریکبوونی هەوا لەو شوێنە دەمێننەوە لەلایەن فەرماندەیی نیزامی تەشکیلاتی تیپی ١١ی سنەوە ڕێنمایی دەکرێن کە بەرەو ڕووباری سیروان حەرەکەت بکەن تا لەڕێگەی ئەو بەلەمانەی کە پێشتر ئامادە کرابوون ئەوان لە ڕووبارەکە بپەڕێننەوە. یەکێک لە گرفتە جیددییەکان بۆ ئەم هاوڕێیانە ئاشنانەبوونیان لەگەڵ ناوچەکە بوو، کە ئەوەش بوو بەهۆی ئەوەیکە مەودایەکی کورت لەماوەیەکی زۆردا بپێون. هاوڕێیانی گوردانی شوان مەسیری دوو سەعاتە بۆ ڕووباری سیروانیان بە نزیکەی ٧ سەعات پێوا و سەرەنجام .بەداخەوە نەیانتوانی بگەنە شوێنی دیاریکراو

هاوکات لەو بەری دیکەی ڕووبارەکەوە، چەند واحیدێکی دیکە لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لە تیپی ١١ی سنە و ژمارەیەك لە بەرپرسانی نوێنەرایەتیی کۆمەڵە لە عێراق دڵسۆزانە و بێسەبرانە هەوڵیان دەدا تا لە هەر ڕێگەیەکەوە بووبێت پێداویستییەکانی دەربازکردن و پەڕاندنەوەی هاوڕێیانی گوردانی شوان لە ڕووباری سیروان دابین بکەن. لەو باروودۆخەدا بە مەبەستی پەیوەندی و یارمەتیدانی زیاتری هاوڕێیان، بەلەمێك بە ٥ سەرنشینەوە لەوانە هاوڕێیەک کە ئاشنایی تەواوی لەگەڵ ناوچەکە هەبوو بەرەو ئەو بەری ڕووبارەکە دەنێردرێ. بەڵام پێش ئەوەی ئەم بەلەمە بگاتە لێوارئاوەکان، دەکرێتە ئامانجی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی. بەلەمەکە تێکدەشکێت و ٤ کەس لە هاوڕێیان گیانیان بەخت .دەکەن و یەکیشیان لە لایەن هێزەکانی ڕژیمەوە بەدیل دەگیرێ

کاتێك هاوڕێیانی واحیدی کۆمەکی ئاگادار دەبنەوە کە بەلەمەکە تووشی دەرگیری بووە و نەیتوانیوە بە سڵامەت خۆی بگەیەنێتە ئەوبەری دەریاچەکە، ئەمجارەیان هاوڕێیانی گوردانی شوان کە لەگەڵ ڕووناکبوونی هەوا نەیانتوانیبوو ڕێگایان بەرەو ڕووباری سیروان درێژە بدەن و لەناو پۆلێک داردا پەنایان گرتبوو، ڕێنماییان دەکەن کە لەگەڵ تاریکبوونی هەوا خۆیان بگەیەننە خاڵێکی دیکە لە لێوارئاوەکە تا لەوێوە بەو بەلەمانەی کە ئامادە کرابوون عەمەلیاتی گواستنەوە و پەڕاندنەوەی هاوڕێیان لە ڕووبارەکە لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا ئەنجام بدەن. بەڵام نزیکەی سەعات دووی دوای نیوەڕۆ هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی فەرماندەی گوردانی شوان لەڕێگەی پەیوەندییەکەوە هاوڕێیان ئاگادار دەکاتەوە کە دیدەبانەکان دەڵێن کە ژمارەیەک کەسی چەکدار بەخێرایی لە شوێنی ئێمە نزیک دەبنەوە و چەند دەقیقە دواتر ڕایدەگەیەنێت کە دیدەبانەکان و واحیدهایەک لە گوردانی شوان کە لە کەمیندا بوون دەرگیر بوون. زۆر ناخایەنێت کە هەموو هاوڕێیانی گوردانی شوان دەرگیری شەڕ دەبن. دوای تێپەڕینی نزیکەی دوو سەعات و لەگەڵ دوایین قسەکانی هاوڕێ شۆکێ خەیرئابادی کە خەریکی ئەمری فەرماندەهی بوو، پەیوەندی لەگەڵ هاوڕێیانی گوردانی .شوان بۆ هەمیشە دەپچڕێت

بەرەبەرە و لەگەڵ تێپەڕینی کات مەعلووم بوو کە هاوڕێیانی گوردانی شوان لەو باروودۆخە یەکجار سەخت و دژوارەدا بەتایبەت

لەبەر مەسموم بوونی ژمارەیەك لە هاوڕێیان بەهۆی بۆمبارانی شیمیاییەوە، نەیانتوانیبوو خۆ بگەیەننە لێواری دەریاچەی سیروان و شوێنی دیاریکراو و هەربۆیە لەناو قامیشەڵانەکانی دەورووبەری دەمێننەوە. لەو کاتەدا هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کە بەلەمەکانی یارمەتیدان دەبینن، بەوە دەگەن کە ڕەنگبێ واحیدێك لە هاوڕێیان لەو ناوچەیەدا گیریان کردبێ. بەو هۆیەوە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە هێزەکانی دوژمن لە دەورووبەری شوێنی جیگیربوونیان کۆدەبنەوە و پاشان لەگەڵ هاوڕێیانی گوردانی شوان تووشی تێکهەڵچوون دێن و ئەو کارەساتە دەخوڵقێت. بەمجۆرە خوێنی هاوڕێیانی گوردانی شوان لەگەڵ خوێنی هەزاران کەس لە خەڵکی ستەملێکراوی هەڵەبجە تێکەڵ بوو کە لە ڕۆژی ٢٥ی ڕەشەممەدا بەهۆی بۆمبارانی شیمیایی ڕژیمی فاشیستی عێراق گیانیان بەخت کردبوو و لاپەڕەیەکی دیکەی بە مێژووی پڕ لە جەنایەتی حاکمانی سەرمایە زیاد کرد.

لە جەرەیانی ئەم کارەساتە سەخت و دڵتەزێنەدا کە لە ٢٦ی ڕەشەممە ساڵی ١٣٦٦ی هەتاویدا ڕوویدا، ١٢ کەس لە هاوڕێیانی گوردانی شوان لە لایەن دوژمنەوە بەدیل گیران. ١١ کەسیان پاش چەند مانگ ئەشکەنجەی فراوان و موقاومەت و خۆڕاگری لە بەرامبەر ئەشکەنجەدەران و دیفاع لە ئامانجە کۆمۆنیستییەکانیان، سەرەنجام لە جەرەیانی کوشتار و قەتڵوعامی سەرتاسەریی بەندکراوانی سیاسی لە هاوینی ساڵی ١٣٦٧دا لە زیندانی سنە ئێعدام کران. ٢ کەس لە هاوڕێیانی گوردانی شوان کە گیانیان بەسڵامەت بەدەر بردبوو بەیارمەتیی خەڵکی ناوچەکە دەرباز کران. لەو کارەساتەدا، سەرجەم ٦٨ کەس لە ئازیزترین هاوسەنگەرانمان گیانیان بەخت کرد. ئەو هاوڕێیانە لە زومرەی لایەقترین ئەندامان و کادەرکانی پێشڕەوی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بوون کە لە جەرەیانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ و یان ساڵەکانی پێشتر هاتبوونە ناو گۆڕەپانی خەباتەوە و بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی بۆ ئامانجی ڕزگاری کرێکاران و بێبەشان و دامەزراندنی دونیایەکی بێ ستەم و چەوسانەوە و بێ عەداڵەتی و بە درووشمی "بژی سۆسیالیسم" گیانی ئازیزیان بەخت کرد.

ناوی گوردانی شوان لەناو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران و چالاکییەکانی کۆمەڵەدا هەتا بەئەمڕۆ، وەبیرهێنەرەوەی بوێری و خەباتکاری بووە و دەشبێ. ڕێباز و ڕەوشت و هەڵسووکەوتی سەمیمانە و شۆڕشگێڕانە و گیانفیدایی و خەباتی لێبڕاوانەی ئەم گوردانە ڕەزمەندەیەی کۆمەڵە، لە مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و بزووتنەوەی کۆمۆنیستیی ئێران دژبە دەسەڵاتی سەرمایەداری ئیسلامی لە ئێران جێکەوتووە. لە ٣٨مین ساڵیادی گیان بەختکردنی ئەم هاوڕێیانەدا، یاد و بیرەوەریی هەر هەموویان وێڕای نوێ کردنەوەی پەیمانی وەفاداربوون بە ئامانجەکانیان لەگەڵ یادی هەموو گیان بەختکردووانی ڕێگای سۆسیالیسم بەرز ڕادەگرین. لەو ڕۆژەدا، بۆ جارێکی دیکە سڵاو و درووود دەنێرین بۆ بنەماڵە و کەسوکاری خۆڕاگری ئەم هاوڕێیانە کە لەماوەی ئەو ساڵانەدا بە تەحەمولی ڕەنجی لەدەست دانی ڕۆڵەکانیان، بوونەتە مایەی دڵگەرمی و ئومێدواریی زیاتری ئێمە بۆ خەبات و درێژەدانی ڕێگای ئازیزانیان.

***

# بە یادی کۆمۆنی پاریس، یەکەمین دەسەڵاتی کرێکاریی جیهان

## یادی کۆمۆنی پاریس لە ناخی چینی کرێکاردا زیندووە

١٨ی مانگی مارس ساڵرۆژی کۆمۆنی پاریس یەکەمین دەسەڵاتی کرێکاریی جیهان لە وڵاتی فەڕانسەیە. کارڵ مارکس کتێبی "شەڕی ناوخۆیی لە فەڕانسە"ی لە وەسفی کۆمۆنی پاریسدا بەم ڕەستە ماندگارانە دەستپێکرد: "بەیانی ١٨ی مارس، پاریس بە دەنگی برووسکەئاسای، بژی کۆمۆن وەخەبەر هات. کرێکارانی پاریس لە نێو سستی و خیانەتی چینی دەسەڵاتدار بەوەگەیشتن کە کاتی دەست بەکاربوون بۆ ڕزگاربوون و بەدەستەوە گرتنی ئیدارەی کاروباری وڵات هاتووە. کاتێك کۆمۆنی پاریس دەسەڵاتی شۆڕشی بەدەستەوە گرت، کاتێك بۆ یەکەم جار کرێکارانی ئاسایی باوەڕیان بەخۆ کرد کە دەتوانن هێرش بکەنەسەر ئیمتیازاتی دەسەڵاتداران، لەو کاتەدا دونیای کۆن بە بینینی ئاڵای سوور، سەمبۆلی حکوومەتی کرێکاری کە بەسەر شارەداریی دەشەکایەوە، لە توڕەیی و نفرت کەوتبووە لەرزین. ئەم کرێکارە ئاساییانە لە بارودۆخێکی بێوێنە و لەژێر فشاردا، بە لێبوردوویی و دڵسۆزی و بە شێوەی کاریگەر کارەکەیان بە سەرئەنجام گەیاند."

کۆمۆنی پاریس ڕووداوێکی کتوپڕ و بەبێ ڕەخساندنی بوار نەبوو. ئەم ڕووداوە ڕیشەی لە دەورەی شۆڕشی ساڵەکانی ١٨٤٨ تا ١٨٥١، کە خەباتی بەرینی کرێکاران، سەرجەم وڵاتانی ڕۆژئاوای ئۆرووپای گرتبووە بەر و هەروەها خەباتی کرێکارانی فەڕانسە لە مەودای ساڵەکانی ١٨٥٧ تا ١٨٦٩ بوو. شکستی یەک لە دوای یەکی ئەرتەشی فەڕانسە لە شەڕ لەگەڵ پڕۆس لە مانگەکانی بەر لە سەرهەڵدانی کۆمۆنی پاریس، کۆمەڵگای بەرەو شۆڕش پاڵ پێوەنابوو. "ئۆکۆلۆف"، بەرپرسی کاروباری باڵیۆزخانەی ڕووسیە لە مانگی ئاگۆستی ساڵی ١٨٧٠ لە ڕاپۆرتێکدا کە سەبارەت بەم دەورەیە و بارودۆخی سیاسی فەڕانسە بە پترسبۆرگی داوە، دەنووسێ: "لە هەر ساتێکدا ئەگەری سەرهەڵدانی شۆڕش لەئارادایە". "لۆرد لاینز" باڵیۆزی بریتانیاش لە شەشی ئاگۆستدا ڕایدەگەیەنێت کە "بنەماڵەی بناپارت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕووخانی دەسەڵاتیان نزیکتر دەبنەوە". هەروەها یەکێک لە مێژوونووسانی ئەم قۆناغەش باس لەوە دەکات کە: "لە پاریس بۆنی شۆڕش لە هەوادا هەستی پێدەکرا"

شکستی ئەرتەشی بورژوازی فەڕانسە لە شەڕ لەگەڵ ئەرتەشی پڕۆس کە تا دەروازەکانی پاریس پێشڕەوی کردبوو، وەك چەخماخەیەك بوو کە ئاگری تووڕەیی کرێکاران و خەڵکی پاریسی بڵێسەدار کرد. جەماوەری کرێکاران و خەڵکی بێبەشی پاریس کە ڕاپەڕیبوون، دەوڵەتی بورژوازیان لە فەڕانسە دەرکرد و خۆیان ئەرکی بەرگری لە شاریان لە بەرامبەر داگیرکەران گرتە ئەستۆ. دەوڵەتی فەڕانسە کە تا دوێنێ لەگەڵ دەوڵەتی پڕۆس شەڕی دەکرد، بە هاوکاری ئەرتەشی پڕۆس لەدژی کرێکارانی ڕاپەڕیو و لەڕێگەی بەرنامەڕێژی و فێڵ و تەڵەکە لە هەنگاوی یەکەم دا، پڕۆسییەکان ٦٠ هەزار ئەسیری شەڕی فەڕانسەیان ئازاد کرد و لە ئێختیاری دەوڵەتی هەڵاتووی فەڕانسە قەراریان دا و لە ڕێکخستنەوەی ئەرتەشی شکست خواردوو، هاوکاریان لەگەڵ کرد. سەرئەنجام دەوڵەتی بۆرژوازی فەڕانسە بە هاوکاری ئەرتەشی پڕۆس هێرشیان کردە سەر پاریس. کۆمۆنارە قارەمانەکان تا دوایین هەناسەیان، خۆڕاگری بوێرانەیان دەست پێکرد

ژنانی کۆمۆن دەورونەخشێکی بەرچاویان لەم موقاوەمەت و خۆڕاگرییەدا هەبوو. لوویی بارون، خەباتکاری کۆمۆن لە ٢٣ی مانگی مەیدا لە بیرەوەرییەکانی ڕۆژانەی خۆیدا دەنووسێت: لە بەرەبەیانیی ئەو ڕۆژەدا واحدێک لە ژنانی چەکدار لە کاتێکدا کە گوڵێکی سووریان لە کڵاوەکەیان دابوو بە فەرماندەیی "دمیتریە وا" شەڕیان دەکرد و ئەو هانیدەدان کە هەتا دوایین دڵۆپی خوێنیان لە خەبات دەست هەڵنەگرن. لووئی دوبروئیل مێژووناسی کۆمۆن دەنووسێت: لە مەیدانی سپی گوردانێک لە ژنانی چەکدار بە فەرماندەیی ژنێکی قارەمان بەناوی لوویز میشێل و ژنێکی ڕووسی بەناوی دیمیتریف، کە ڕۆژی پێشتریشی لە باتینیول شەڕیان کردبوو، بوێری و ئازایەتییەکی سەرسووڕهێنەریان لەخۆیان نیشاندا. بەڵام سەرئەنجام پاش چەند ڕۆژ شەڕ و تێکهەڵچوونی لە بواری نیزامیدا نابەرابەر، کۆمۆنارەکان شکستیان خوارد. لە مەودایەکی کورتدا ١٧ هەزار کرێکار لە خیابانەکانی پاریس کۆمەڵکوژ و بە هەزاران کەس ئێعدام کران. بەمجۆرە بورژوازی فەڕانسە تۆڵەی خۆی لە کرێکارانی ڕاپەڕیو کردەوە و یەکەم ئەزموونی شۆڕشی کرێکارانی جیهان شکستی خوارد

کۆمۆنی پاریس، ئەوەڵین حکوومەتی کرێکاری لە جیهان و خۆلقێنەری دەوڵەتێك بوو کە ئەگەر سەرکەوتنەکەی بەردەوام بوایە چینی کرێکار ئەیتوانی هەنگاوەکانی دواتر بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی قورستر هەڵبگرێت. کۆمۆن شێوەیەکی مێژوویی و تایبەت لە دەوڵەت بە پێوەری تایبەت بوو. چاوخشاندنێك بەسەر گۆشەیەك لە پەسەندکراوەکان و هەوڵەکانی کۆمۆن دەرخەری پێکهێنانی هەڵسووکەوتی نوێ کۆمەڵایەتی بوو کە لە درێژەدا دەتوانێت ببێتە ڕزگاریدەری مرۆڤایەتی لە بەربەرییەتی نیزامی سەرمایەداری

بە فەرمانی کۆمۆن ئەرتەشی حیرفەیی هەڵدەوەشێتەوە و کاروباری نیزامی دەکەوێتە دەستی خەڵکی چەکدار. ڕاگەیەندرا کە زەوی هی ئەو کەسەیە کە لەسەری کار دەکات. ئامرازی بەرهەمهێنان هی کرێکارانە و کار مافی سرووشتی هەموو خەڵکە. حقووقی زۆری کاربەدەستانی باڵای دەوڵەت دەبێ نەمێنێت. زۆرترین حقووق نابێت لە حەقدەستی کرێکارێکی لێهاتوو زیاتر بێت. دادوەری و کاربەدەستانی باڵای ئیجرایی هەڵبژێردراو دەبن و هەرکات کە زۆرینەی دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەبێ لابچن. سزای ئێعدام هەڵدەوەشێندرێتەوە و دەزگای گیوتین لە بەرچاوی خەڵك دەسووتێندرێ. بناغەی خوێندنی بەخۆڕایی دادەمەزرێت. هەڵوەشاندنەوەی هەموو کلیساکان و زەوتکردنی داراییەکانیان لەلایەن کۆمۆنەوە پەسند دەکرێت. گشت یارمەتییە داراییەکانی دەوڵەت بە کلیسا ڕادەگیرێ. ئائین وەك ئەمری تاکەکەسی کەسەکان ڕادەگەیەندرێت. خوێندنگاکان لە ژێر کۆنترۆڵی کڵێسا ڕزگار دەکرێن و دادپەروەری و پەروەردە

لە ئایین جیا دەکرێنەوە و دادوەرەکان هەڵدەبژێردرێن. کاری شەوانەی نانەواخانەکان قەدەغە دەکرێت. حقووقی کارمەندانی کۆمیسیۆنەکانی کۆمۆن بەئەندازەی حقووقی کرێکارانی نانەواییەکان دیاری دەکرێت. لە سیستەمی ئیداریی کۆمۆندا، بەشی پۆلیس لەبری ئەوەی بریکاری حکومەتی ناوەندی بێت، دەکرێتە ئۆرگانێک کە خزمەت بە خۆشبژێوی خەڵک دەکات و هەموو ئەرکە سیاسییەکانی ئەم ئیدارەیە هەڵدەوەشێنەوە. هەروەها بەرپرسانی بەشی پۆلیسیش دەکرێ لە پۆستەکەیان لابردرێن. کۆمۆن ئازادی ڕادەربڕین و چاپەمەنی، ئازادی کۆبوونەوە، پێکهێنانی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ڕادەگەیەنێت. کۆمۆن ئەو دامەزراوانەی کە خاوەنەکانی لە پاریس ڕایانکردووە، ڕادەستی ئەنجوومەنە کرێکارییەکان کە لە کارخانەکاندا پێکهاتوون دەکات

پێکهاتەی دەوڵەتی کۆمۆن لەگەڵ هەموو دەوڵەتەکانی پێشوو جیاوازی هەیە. کۆمۆن لە کەسانێك پێك دێت کە لە گەڕەکە جۆراوجۆرەکان لە سەرەوە تا خوارەوە هەڵبژێردراون. کومیتەی ناوەندی کۆمۆنی پاریس ٨٣ ئەندامی هەیە و بە پێی حوکمی یاسای پەسەندکراو، هەرکات دەنگدەران ئیرادە بکەن، دەکرێت و دەتوانرێت هەرکامیان لەسەر کار لابردرێن. ئەم کومیتەیە هەم یاسادارێژەرە و هەم بەڕێوەبەری یاسایە

بێهۆ نەبوو کە لێنین لە ڕێبەرانی شۆڕشی کرێکاریی ڕووسیە، لە ساڵی ١٩١١ لە بابەتێکدا بەبۆنەی چلەمین ساڵڕۆژی کۆمۆنی پاریس دەنووسێ: ”یاد و بیرەوەریی خەباتی کۆمۆنی پاریس نەک هەر بۆ کرێکارانی فەڕانسە بەڵکوو بۆ پرۆلێتاریای سەرتاسەری جیهان ئازیز و بەڕێزە. چونکە کۆمۆن تەنها لەپێناو چەند خواستی بچووکی مەحەلی یان نەتەوەیی نەبوو، بەڵکوو هەوڵێک بوو بەئامانجی ڕزگارکردنی یەکجاریی هەموو ئینسانێکی زەحمەتکێش و چەوساوە ... گرمەی تۆپەکانی پاریس، دواکەوتووترین توێژەکانی پرۆلێتاریای لە خەوی قووڵ ڕاچڵەکاند و لە هەموو شوێنێک گڕوتین و حەرەکەتێکی تازەی بە تەبلیغاتی شۆڕشی سۆسیالیستی بەخشی. هەربۆیە ئاسەوار و کاریگەریی کۆمۆنی پاریس نەک هەر لەناو نەچووە، بەڵکوو هەتا بە ئەمڕۆش لە ناخی هەرکام لە ئێمەدا زیندوویە.“

کۆمۆنی پاریس هەرچەند زیاتر لە ٧٢ ڕۆژ حکوومەتی نەکرد و بورژوازی لە خەڵتانی خوێندا شکستی پێ هێنا، بەڵام خاڵە بەهێز و لاوازەکانی و هەروەها دەرس و ئەزموونەکانی، دەستکەوتی چینی کرێکارە لە شەڕە چارەنووس سازەکاندا کە هێشتا لە ئاسۆی خەباتی چینی کرێکاردا قەراری گرتووە. یادی کۆمۆنی پاریس لە ناخی چینی کرێکاردا زیندووە. ئەمڕۆ لە جەرگەی قووڵبوونەوەی قەیرانی نیزامی سەرمایەداریی جیهانی و لە جەرگەی بەربەریەتێکدا کە بەسەر زۆربەی دانیشتووانی گۆی زەویدا سەپاوە، زەرووڕەتی یەکگرتن و هاوپشتی کرێکاران، و پشتیوانی نێونەتەوەیی پرۆلێتاریای سەرانسەری جیهان لە خەبات دژبەم بارودۆخە دژەئینسانییە سەد هێندە بووە. لە ١٥٥مین ساڵڕۆژی پێکهاتنی کۆمۆنی پاریس یەکەمین دەسەڵاتی کرێکاریی جیهان، پێویستە وێڕای فێربوون لە دەرس و ئەزموونەکانی، ڕیزی خەباتی کرێکاران دژبە نیزامی سەرمایەداری هەرچی زیاتر یەکگرتووتر و یەکپارچەتر بکەین

❊❊❊

# بەیاننامەی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی کۆمەڵە

## بارودۆخی سیاسی ئێستا و دەبێ چی بکەین؟

ڕاپەڕینی سەرتاسەریی ئەم دواییەی خەڵکی ئێران کە لە ٧ی بەفرانباری ١٤٠٤وە دەستی پێکرد و لە ڕۆژانی ١٨ و ١٩ی هەمان مانگدا بە دڕندەییەکی بێوێنەوە لەلایەن ڕژیمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامییەوە خەڵتانی خوێن کرا، یەکێک لە گرنگترین ڕووداوە سیاسییەکانی ئەم قۆناغە بوو کە دەنگدانەوەیەکی جیهانی لێ کەوتەوە. ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە کە چەخماخەکەی لە بازاڕی تاران لێ درا و بەخێرایی سەرتاسەری وڵاتی گرتەوە، درێژەی ڕاپەڕینی بەفرانباری ١٣٩٦، خەزەڵوەری ٩٨ و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی ژینا بوو. ئەم ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەش ڕیشەی لە گرانی، هەژاری و نەهامەتیی ئابووری، بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، نایەکسانی و هەڵاواردنەکان و پەرەسەندنی بێوێنەی زیانە کۆمەڵایەتییەکاندا بوو. بزوێنەری ئەم هەڵچوونە جەماوەرییەش، کرێکاران و زەحمەتکێشان، لاوانی بێکار و توێژە چەوساوەکان بوون کە لەژێر باری قورسی ئەم نەهامەتییانەدا کارد گەیشتۆتە ئێسقانیان. ئەم ڕاپەڕینە دەستبەجێ گۆڕا بۆ بزووتنەوەیەکی سیاسی، بەهۆی ئەوەی جەماوەری ڕاپەڕیو، ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆکاری سەرەکیی سەرجەم ئەم نەهامەتییانە دەزانن و بە دروشمی ”مەرگ بۆ دیکتاتۆر“ پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتیان کردە ئامانج

بەڵام ئەم شەپۆلە بەهێزەی بزووتنەوەی جەماوەری لە بەراورد لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی پێشوو کە لە هەشت ساڵی ڕابردوودا شاهیدی بووین، لە هەلومەرجێکی جیاوازی ناوچەیی و جیهانیدا سەری هەڵدا. هەلومەرجێکی نوێ کە بەهۆی هەرەسهێنانی هێزەکانی ناسراو بە ”میحوەری موقاوەمەت“، ڕووخانی دیکتاتۆریی بەشار ئەسەد لە سووریا، توندتربوونەوەی گەمارۆکان، شەڕی دوازدە ڕۆژە و بە بنبەستگەیشتنی پڕۆژە ناوکییەکان، هاوسەنگی هێزەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتوندی لە زیانی کۆماری ئیسلامی گۆڕیوە. لە ڕەهەندی جیهانیشدا، لە ئەمریکا دەوڵەتێکی نیۆفاشیست بە ڕێبەرایەتی ترامپ لە کۆشکی سپی جێگیر بووە کە سەرجەم یاسا نێودەوڵەتییەکانی بەرهەمی هاوسەنگی هێزەکانی دوای شەڕی جیهانی دووەمی بەهۆی شەڕی تەعرفەکانەوە، تەنانەت یاساکانی بازرگانی ئازادی جیهانیشی پێشێل کردووە؛ هەروەها دوای کۆمەڵکوژی غەززە و لە هاودەستی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل، لەپێناو ئامانجە ئیمپریالیستییەکان و بەتایبەتی لە کێبڕکێ لەگەڵ چیندا، هەوڵ دەدات پڕۆژەی داڕشتنی نەزمی ئیمپریالیستی دڵخوازی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرەوپێش ببات. هەر لەم سۆنگەیەشەوە زیاتر لە جاران گوشاری خستۆتە سەر ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک گرنگترین بنکەی ئیسلامی سیاسی

لەناو ئەم دۆخە ژئۆپۆلیتیکە ناوچەیی و جیهانییەدا و لەگەڵ شەپۆلی بەهێزی ڕاپەڕینی سەرتاسەری بەفرانبار دژی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، ئەو بەشە لە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی ئێران کە بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی حیسابیان لەسەر هێرشی سەربازی ئەمریکا و ئیسرائیل کردبوو، زیاتر لە هەر کاتێک کەوتنە وەسوەسەوە و پێیان وابوو کاتی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە سەرەوە هاتووە. لە وەها بارودۆخێکدا، بانگەوازەکانی ڕەزا پەهلەوی و فەرمانەکانی ترامپ بەوەی کە ”خەڵک لە شەقامەکان بمێننەوە، هێرش بکەنە سەر ناوەندە حکوومییەکان، یارمەتی بەڕێوەیە“، پڕوپاگەندەی میدیاکانی ئیسرائیل و ئیدیعای بوونی هێزەکانی مۆساد لەم پێشهاتانەدا، هەروەها داواکاری هەندێک لەم مۆرە ئابڕووچووانەی ئۆپۆزیسیۆن لە ئەمریکا بۆ دەستێوەردانی سەربازی، هەموویان پاساو و بیانوویەکیان بۆ کۆماری ئیسلامی ڕەخساند کە بە ڕاگەیاندنی باری جەنگی، کۆمەڵکوژییەکی بەربڵاوی ناڕازییان و ئەم تاوانە سامناکە بەرنامەڕێژی بکات. لەڕاستیدا، دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و سەڵتەنەتخوازەکان دەستیان دایە دەستی یەک و بە ڕەخساندنی دەرفەت بۆ ڕژیمی تاوانکاری ئیسلامی، زەمینەیان بۆ کۆمەڵکوژی ئەو جەماوەرە ڕاپەڕیوە خۆش کرد کە شەقامەکانیان داگیر کردبوو. کارەساتێکی سامناک کە تێیدا تا ئێستا گیانلەدەستدانی زیاتر لە ٧ هەزار کەس پشتڕاست کراوەتەوە، هەزاران کەس بریندار بوون و زیاتر لە ٥٠ هەزار کەسیش دەستبەسەر و ڕەوانەی زیندان و ئەشکەنجەگەکانی وەرگرتنی دانپێدانانی زۆرەملێ کراون. ڕژیمی کۆماری ئیسلامی تەنیا بەم تاوانە دژەمرۆییەوە نەوەستا، بەڵکوو تەرمی سەدان کەس لە گیانبەختکراوانی ناو سوولەکانی کەهریزەکی تارانی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا خستە ڕوو، بۆ ئەوەی توانای سەرکوت و تاوانەکانی خۆی بەو نەوە گەنجە نیشان بدات کە کۆمەڵکوژی زیندانیانی سیاسی دەیەی شەستیان لەبیر نییە

بەڵام ڕژیمی کۆماری ئیسلامی سەرەڕای ئەم کۆمەڵکوژییە سامناکە و هەڕەشە بەردەوامەکانی، نەیتوانی ترس بەسەر کۆمەڵگادا زاڵ بکات. کۆمەڵگا بەخێرایی لە شۆک و سەرسوڕمانی سەرەتایی تێپەڕی و خەم و تووڕەیی خۆی گۆڕی بۆ هێزی هاوپشتی و نارەزایەتی دژی پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدار. بنەماڵەی گیانبەختکراوان، ڕێوڕەسمەکانی بەخاکسپاردن و یادکردنەوەی ئازیزانی خۆیان کردە گۆڕەپانی دادخوازی و نارەزایەتی دژی ڕژیم. خوێندکاران لە زانکۆ جیاوازەکاندا بە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوەی نارەزایەتی، یادی گیانبەختکراوانیان بەرز ڕاگرت، سەرکۆنەی تاوانەکانی ڕژیمیان کرد و داوای ئازادی خوێندکارە زیندانیکراوەکانیان کرد. ڕێکخراوە و دامەزراوە کرێکارییەکان، زیندانیانی سیاسی، خوێندکارانی قوتابخانەکان، خانەنشینان، نووسەران، هونەرمەندان، پزیشکان و سەندیکای پارێزەران، بە دەرکردنی بەیاننامەی جیاجیا وێڕای سەرکۆنەکردنی ئەم تاوانە دژەمرۆییانە، جەختیان لەسەر درێژەدان بە خەبات کردەوە. ”ئەنجومەنی هەماهەنگی ڕێکخراوە پیشەییەکانی فەرهەنگییان“ بە وەڕێخستنی کەمپەینی « کورسییە بەتاڵەکان»، پلاتفۆرمەکانی خۆیان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کردە هەڵمەتی ئاشکراکردنی ئاستی تاوانەکانی ڕژیمی ئیسلامی و لە درێژەشدا بە بانگەوازی مانگرتنی سەرتاسەریی قوتابخانەکان لە ڕۆژی ٢٩ی ڕێبەندانەدا

دژی تاوانە ئەنجامدراوەکان، لەپێناو بەرگریکردن لە کەرامەت و ئاسایشی قوتابیان و هاوپشتی لەگەڵ بنەماڵە داغدارەکان، هەستی بەرپرسیارێتی و پەیوەندی کۆمەڵایەتیی قووڵیان لەگەڵ ئێش و ئازار و هاوارە هاوبەشەکاندا نیشان دا. داخستنی سەرتاسەریی قوتابخانەکان مانگرتنێکی سیاسی بوو دژی تاوانە ئەنجامدراوەکان کە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامی کردبووە ئامانج. ئەم پێشهاتانە و گەڕانەوەی بزووتنەوەی خوێندکاری بۆ گۆڕەپانی خەباتی سیاسی کە ڕەنگدانەوەی کەشوهەوای گشتیی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادایە، دەری دەخات کە خەڵکی ئێران نەک هەر چاوترسێن نەبوون، بەڵکوو خەم و تووڕەییی خۆیان کردۆتە هێزی خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی

هەڵبەت لەژێر کاریگەریی پڕوپاگەندەی بەشگەلێک لە ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژوایی وەک سەڵتەنەتتەڵەبەکان و میدیاکانی سەر بەوان کە بۆ هێرشی سەربازیی ئەمریکا چرکەژمێری دەکەن، توێژگەلێک لە خەڵک نائومێد بوون و چاوەڕێی هێرشی ئەمریکان. بەڵام مەیلی زاڵ لە کۆمەڵگادا و بەتایبەتی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان کە لە خەباتێکی سەنگەر بە سەنگەردا پاشەکشەیان بەسەر ڕژیمدا سەپاندووە، هیوایان بە گۆڕانکاری بە پشتبەستن بە هێزی خۆیان لەدەست نەداوە. لە ماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا لەژێر تیغی سەرکوتی ڕژیمی هار و دڕندەی کۆماری ئیسلامی و لەژێر گوشاری فەقر و فەلاکەتی ئابووری و گەمارۆ نێودەوڵەتییەکاندا، کۆمەڵگای ئێران هەزاران مانگرتن و ناڕەزایەتیی کرێکاری، چوار ڕاپەڕین و هەڵچوونی جەماوەری و بزووتنەوەی ناڕەزایەتیی بێوچانی توێژە بێبەشەکانی کۆمەڵگای ئەزموون کردووە. چینی کرێکار و خەڵکی ئازادیخوازی ئێران لەم ڕەوتەدا ڕەوایەتیی سیاسی و ئایدیۆلۆژیکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان تێکشکاندووە، قەیرانی حکوومەتیی ڕژیمیان قووڵتر کردووەتەوە و خەبات بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییان بردووەتە قۆناغێکی نوێوە. لە تەواوی ئەم سەردەمەدا سیاسەتی دەستتێوەردانی ئەمریکا نەک هەر یارمەتییەکی بە بزووتنەوەی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەداوە، بەڵکوو لە دژایەتی لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەم بزووتنەوەیەدا بووە

لە هەلومەرجێکدا کە میلیتاریزەکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەڕەشەکانی ئەمریکا و درێژەی سیاسەتی شەڕخوازییانەی کۆماری ئیسلامی، ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕیان کردووەتە مەترسییەکی ڕاستەقینە، دەبێ ڕایبگەیەنین کە ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە نەک هەر یارمەتیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان نادات، بەڵکوو ئەم بزووتنەوانە پەراوێز دەخات. شەڕ هەرچەندەش "زیرەکانە" بێت و ئامانجەکانی ورد و لەپێشتر دیاریکراو و بەناو "مرۆڤدۆستانە"ش بێت، وەک هەر شەڕێکی دیکەی کۆنەپەرستانە، کۆمەڵکوژی، وێرانکاری و ئاوارەیی لێ دەکەوێتەوە. لەژێر کاریگەریی ئەم واقیعە و هەلومەرجی شەڕدا، پاراستنی ئەمنییەت و درێژەدان بە ژیان دەچێتە سەرووی ئەولەوییەتەکانی خەڵکەوە و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکان پەراوێز دەخرێن. بەدوای ئەوەشدا ئەولەوییەتی کاری چالاکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێت و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە وێرانکەرەکانی شەڕ لەسەر کار و ژیان و ئەمنییەتی خەڵک دەبێتە سەرتۆپی ئەولەوییەتەکانیان

ئاشکرایە لە وەها هەلومەرجێکدا چالاکانی سۆسیالیست و ڕادیکاڵ و پێشڕەوی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، بەتایبەتی چالاکانی بزووتنەوەی خوێندکاری و لاوان لە گەڕەکەکانی شارەکان، هاوکات لەگەڵ ڕاگەیاندنی نایەکی لێبڕاوانە بەم شەڕە سەرمایەدارانە و کۆنەپەرستانەیە، دەبێ لە هەر ڕێگەیەکەوە هەوڵ بۆ بەهێزکردنی یەکگرتوویی و هاوپشتی لە نێوان خەڵکدا بدەن و بە ڕێکخستنی تیمەکان و کۆمیتەکانی هاوکاری و یارمەتیدانی جەماوەری، نەهامەتییەکانی شەڕ لەسەر ژیان و ئەمنییەتی خەڵک کەم بکەنەوە. لە وەها دۆخێکدا کۆتایهێنان بە شەڕ، لە ڕێڕەوی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامییەوە تێدەپەڕێت و دەبێ خەباتی ڕێکخراو بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی چڕتر بکرێتەوە. بەڵام پێویستە بەردەوام هۆشدار بە خەڵک بدرێت کە جارێکی دیکە فریوی فەرمان و بانگەوازەکانی ترامپ و ناتانیاهۆ و ڕەزا پەهلەوی نەخۆن. ڕاپەڕین بۆ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی نەک حەرەکەتێکی خۆڕسک، بەڵکوو لووتکەی خۆڕێکخستنی بزووتنەوەی جەماوەری و سەرتاسەرییە. ئەم بابەتەش تەنیا بە عەزم و ئیرادەی یەکگرتووی تەواوی ڕێبەران و چالاکانی بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکرێت. دەبێ بۆ ڕێکخستنی ئەم ئیرادەیە بێوچان و بەردەوام هەنگاو بنرێت

*****

بەڵام پێشڕەوی لە بواری پەرەپێدانی خەبات و دابینکردنی پێداویستییەکانی ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی و دەرکەوتن و گەشەی ئاڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک، لە ڕێڕەوی خۆڕێکخستنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەری و دانانی ئاسۆی شۆڕشگێڕانە و سۆسیالیستی لە بەردەم کۆمەڵگادا تێدەپەڕێت

لە بواری ڕێکخستنی بزووتنەوەی کرێکاری، مامۆستایان و خانەنشینان، پەرستاران و شۆفێرانی بارهەڵگر وەک بەشێک لە بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی دژ بە لەسێدارەدان، بزووتنەوەی دادخوازی، و لە ڕاستیدا هیچ کام لەم بزووتنەوانە لە سفرەوە دەست پێ ناکەن. ئەم بزووتنەوانە لەژێر تیغی سەرکوتدا لە بواری خۆڕێکخستنیشدا پێشڕەوییان کردووە. مانگرتن و ناڕەزایەتییە شکۆدارەکانی کرێکاران لە ناوەندە گەورەکانی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا، نیشانەی ئاستێک لە خۆڕێکخستن و بوونی کادر و ڕێبەرانێکە کە لێهاتوویی خۆیان لە ڕەوتی ڕێکخستنی خەباتە کرێکارییەکاندا سەلماندووە. بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ... تا ئاستێک بە شێوەی ڕێکخراو کاریان کردووە. ئەم واقیعییەتانە دەری دەخەن کە چرۆی ڕێکخراوە جەماوەری و چینایەتییەکانی کرێکاران، ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی ژنان، خوێندکاران و ... لەسەر بستێنی درێژەی مانگرتن و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکان و لەگەڵ گۆڕانی هاوسەنگیی هێز، بەخێرایی گەشە دەکەن

بەڵام هەنگاوی دەستبەجێ و هەنووکەیی لە هەلومەرجی سیاسیی ئێستادا، پێکهێنانی ڕێبەرییەکی سەرتاسەرییە لە ناوخۆی ئێران. ئەم کارەش لە ڕێگەی پێکەوەبەسترانەوە و گرێدرانی ڕێکخراوەکان، دامەزراوەکان و چالاکان و ڕێبەرانی بەشە جیاوازەکانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە پێشڕەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاری، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و ... کە پەیوەندییەکی زیندوو و ئۆرگانیکیان لەگەڵ ناوەندەکانی ناڕەزایەتی و خەباتدا هەیە، و هەروەها بەدامەزراوەییکردنی ئەم پەیوەندییانە تێدەپەڕێت. پێکهاتنی شۆرایەکی هاوئاهەنگی و هاوکاری لە ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە لە هەلومەرجی ئێستادا، دەتوانێت تا ڕادەیەک بۆشایی نەبوونی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان پڕ بکاتەوە و یارمەتیی پرسی ڕێکخستنی مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان بدات

لەم هەلومەرجەدا پەرەپێدانی ئاسۆی دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و جەماوەر و سۆسیالیزم، گرنگییەکی تایبەتی هەیە. کرێکاران و جەماوەری خەڵک ئەگەرچی بەڕوونی دەزانن چییان ناوێت - واتە ڕژیمی کۆماری ئیسلامییان ناوێت - بەڵام وێنایەکی ڕوونیان بۆ ئەوەی چییان دەوێت و حکوومەتی دوای کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێت، نییە. دەبێ هەوڵ بدرێت دروشمگەلێکی وەک "کار، نان، ئازادی، ئیدارەی شۆرایی"، "ئازادی، یەکسانی، ئیدارەی شۆرایی"، "نە سەڵتەنەت، نە ڕێبەری، حکوومەتی شۆرایی" کە لە هەناوی ڕاپەڕین و بزووتنەوە ناڕەزایەتییەکانەوە هەڵقوڵاون، تا دێت زیاتر جەماوەری بکرێنەوە. دەبێ لە ڕەوتی ڕەخنەگرتن لە ستراتیژی و ئاڵتەرناتیڤی حکوومەتیی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی بۆرژواییدا هەوڵ بدرێت گوتاری ئاڵتەرناتیڤی دەسەڵاتی شۆرایی کرێکاران و جەماوەر بەهێزتر بکرێت

لە جیهانی واقعدا پێکهێنانی بلۆکێکی دژەفاشیستی، دژی فاشیزمی کۆماری ئیسلامی و دژی سەڵتەنەتتەڵەبە فاشیستەکان، هەر لەم ڕێڕەوی گەشەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و ناڕەزایەتییەکان، یارمەتیدان بە ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە و پێکهێنانی ڕێبەریی سەرتاسەری بە ئاسۆی سۆسیالیستی و حاکمییەتی شۆراییەوە تێدەپەڕێت. هەروەک بزووتنەوەی خوێندکاریش بۆ جارێکی تر نیشانی دا، بەرەی سەرەکیی پێشڕەوی دژی هەردوو جەمسەرە فاشیستییەکە لە ناوخۆی ئێرانە. دەبێ هەوڵ بدەین پێگەی کۆمەڵایەتیی ئەم بزووتنەوە دژەفاشیستییە بە یەکگرتوویی بێنینە مەیدانەوە

*****

لە کوردستان، کۆمەڵە بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی خۆی لە دەورەی ڕاپەڕینی ساڵی ۱۳۵۷ و ساڵانی دواتر، بە پشتبەستن بە ئەزموونی خودی خەڵکی کوردستان و بە جەختکردنەوە لەسەر کۆڵەکە و بنەماکانی ستراتیژیی سۆسیالیستییە کە دەتوانێت بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان لە ڕێڕەوی پێشڕەوی و سەرکەوتندا ڕێنوێنی بکات. کۆمەڵە لەو قۆناغە شۆڕشگێڕانەیەدا، نەک لە ڕێگەی تەبلیغات و پەرەپێدانی باوەڕە کۆمۆنیستییەکان و خشت خستنە سەر خشت و دانە دانە کۆمۆنیستکردنی کرێکارانەوە، بەڵکوو لە ڕێڕەوی گرتنەبەری ستراتیژی و تاکتیکە سیاسییە دروستەکان و، کاتێک کرێکاران و زەحمەتکێشان و جەماوەری خەڵک لە ئەزموونی

عەمەلیدا دروستیی ستراتیژیی سیاسیی کۆمەڵەیان ئەزموون کرد و ئەم سیاسەتانە درانە بەردەم مەحەکی پراکتیکەوە، بوو بە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی و لەگەڵ خۆیشیدا کۆمۆنیزمی کردە ڕەوتێکی کۆمەڵایەتی. لەو دەورەیەدا کادرەکانی کۆمەڵە بە بەشداریی چالاکانە لە نارەزایەتییە جەماوەرییەکاندا نەک هەر پەیوەندی خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگا قووڵتر کردەوە، بەڵکوو بە گێڕانی دەوری ڕێکخەرانە، بوون بە ڕێبەرانی سیاسیی جێگەی متمانەی خەڵک. دوای ڕاپەڕینیش دروستکردنی دامەزراوە جەماوەرییەکان، بنکەکان، شۆراکان، جەمعییەتەکان و...یان خستە نێو دەستووری کاری خۆیانەوە. بۆ پووچەڵکردنەوەی گوشاری ڕەوتی ناسیۆنالیستی و ڕەوتە کۆنەپەرستە ئایینییەکان، پشتیان بە ئامادەیی جەماوەریی خەڵکی کوردستان لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەست. لە ڕووبەڕووبوونەوەی زەحمەتکێشانی دژ بەرامبەربە پاشماوەکانی دەرەبەگایەتی لە ڕیزی زەحمەتکێشاندا ڕاوەستان و لەو شوێنانەی پێویست بوو، بۆ بەرگریکردن لە خۆیان چەکداریان کردن. لە بەرامبەر هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامیدا زەمینەی بزووتنەوەیەکی مقاوەمەتی جەماوەرییان خۆش کرد، و لە بەرامبەر هەڕەشە جەنگییەکانی ئەم ڕژیمەدا توانا و پوتانسیەلی بەرگریی چەکدارانەی جەماوەرییان لە کوردستان ڕێک خست

• لە قۆناغی هەنووکەییدا بە پشتبەستن بەم ئەزموونانە و دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی خودی خەباتەکانی خەڵکی کوردستان، دەبێ زیانبەخشبوونی هەڵوێست و سیاسەتی حیزبە ناسیۆنالیستەکان کە بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی حیسابیان لەسەر هێرشی سەربازیی دەوڵەتەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل کردووە، بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە. ئەم سیاسەتە جیا لەوەی ڕەگ و ڕیشەی لە بێباوەڕیی قووڵی ئەوان بە هێزی خەباتی جەماوەردایە، خەڵکیش لە چاوەڕوانیی هێزی ڕزگاریدەر لە دەرەوەی سنوورەکان دەهێڵێتەوە. ئەم سیاسەتە لە نێوان بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی سەرتاسەریدا درز و دووبەرەکی دروست دەکات. ئەزموونەکانی دەستتێوەردانی سەربازیی ئەمریکا نە لە ئەفغانستان، نە لە عێراق، نە لە لیبی و نە لە غەززە و نە لە هیچ شوێنێکی دیکەی دنیادا جگە لە کۆمەڵکوژی و وێرانکاری، تاڵانکردنی سەرچاوەکانی سەروەت و سامان و تێکدانی شیرازەی کۆمەڵگا، هیچ ئاکامێکی دیکەی لێ نەکەوتووەتەوە

• بەپێچەوانەی ئەم حیزب و هێزانەوە کە هیوایان بە دەستتێوەردانی زلهێزە سەرمایەدارییە دەرەکییەکان بەستووە، لەئێستادا ڕێڕەوی پێشڕەوی لە خەبات بۆ ڕووخاندنی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی، بریتییە لە پەرەپێدانی ڕێکخراوەیی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان دژی گرانی و هەژاری و بێکاری، کەمئاوی و بێکارەبایی، دژی سیاسەتە شەڕخوازییەکان و هەروەها بۆ ئازادیی زیندانییانی سیاسی و هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان. کادرەکانی کۆمەڵە دەبێ بە گێڕانی دەور لە بزواندن و یارمەتیدانی ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوە نارەزایەتییانەدا، بن بە کەسایەتیی ناسراو و جێگەی متمانەی خەڵک

• لەم دەورەیەدا پەرەپێدانی ڕێکخستنی حیزبیی کۆمەڵە نەک لە ڕێگەی خشت خستنە سەر خشتەوە، بەڵکوو لە ڕێڕەوی گێڕانی دەور لە وەڵامدانەوە بە پێداویستییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و یارمەتیدان بە ڕێکخستنی ئەم بزووتنەوانە تێدەپەڕێت

• لە بەرامبەر ئاڵتەرناتیڤی حیزبە ناسیۆنالیستەکان بۆ قۆناغی تێپەڕبوون کە باس لە حاکمییەتی حیزبەکان دەکەن و نوسخەی سیستەمی پەرلەمانی بۆ قۆناغی سەقامگیری دەپێچنەوە، ئێمە دەبێ بەڕوونی بڵێین کە حاکمییەتی حیزبە سیاسییەکان لە قۆناغی تێپەڕبوون و سیستەمی پەرلەمانی لە قۆناغی سەقامگیریدا، هەر وەک چۆن ئەزموونی کوردستانی عێراق بەڕوونی نیشانی داوە، خەڵک پەراوێز دەخات. لە بەرامبەر ئەم سیاسەتانەدا کۆمەڵە دەبێ لێبڕاوانە و پێداگرانە بەرگری لە دەسەڵاتداریەتیی شۆرایی جەماوەر لە کوردستان بکات

• تەنیا بە پەرەپێدانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان و بە دروستکردنی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان لە شوێنی کار و ژیانی کرێکاران، بە دروستکردنی کۆمیتەکان، بنکەکان، شۆراکان و دامەزراوە جەماوەرییەکان لە گوندەکان و گەڕەکی شارەکان، بە دروستکردنی ئەنجومەن و ڕێکخراوەکانی ژنان لە گەڕەکەکان و... دەتوانرێت هەر چەشنە بۆشاییەکی ئیداری لە بەڕێوەبەری و ئیدارەکردنی کۆمەڵگادا کە بەهۆی لاوازیی دەوڵەتی ناوەندییەوە دروست دەبێت، بە بەڕێوەبەریی دامەزراوە جەماوەرییە هەڵقوڵاوەکان لە ناو جەرگەی خەڵکەوە پڕ بکرێتەوە. تەنیا بە دروستکردنی ئەم ڕێکخراو و دامەزراوە جەماوەرییانەیە کە لەگەڵ باشتربوونی هاوسەنگیی هێز، کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان توانای ئەوەیان دەبێت لە خوارەوە و بە پشتبەستن بەم دامەزراوانە، ئیدارە و بەڕێوەبەریی کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ بگرنە دەست

• کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان تەنیا بە خۆڕێکخستن و ڕێکخراوبوون لەناو بنکەکان، شۆراکان، کۆمیتەکان و دامەزراوەکانی دیکەی دەسەڵاتی جەماوەرییە کە لەگەڵ هەرەسهێنانی هێزە چەکدارەکانی ڕژیم لە کوردستان، دەتوانن لە ئاستێکی جەماوەریدا چەکدار بن و بە هێزی چەکداریی خۆیان پارێزگاری لە دەسەڵات و دەسکەوتەکانیان بکەن

• خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان تەنیا بە خۆڕێکخستن و ڕێکخراوبوون لە شۆراکان و دامەزراوەکانی دیکەی دەسەڵاتی جەماوەرییە کە دەتوانن بۆ وەڵامدانەوەی دەستبەجێ بە پێداویستییە هەنووکەییە ئابوورییەکانی خەڵک و بۆ بەرەنگاربوونەوەی فەلاکەتی ئابووری نەخشە دابڕێژن، ئازادییە بێقەیدوشەرتە سیاسییەکان، هەڵوەشاندنەوەی سزای لەسێدارەدان، یەکسانیی تەواوەتیی مافی ژن و پیاو، و جیابوونەوەی ئایین لە دەوڵەت و پەروەردە و فێرکردن ڕابگەیەنن

• دەبێ لە بەرامبەر مەترسیی دووبەرەکینانەوەی نەتەوەیی و ئایینی لەلایەن بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی و کۆنەپەرستانی ناوچەییەوە بەوپەڕی وریاییەوە مامەڵە بکرێت. بۆ نموونە نابێ ڕێگە بدەین ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و کۆنەپەرستانی ناوچەیی لە نێوان نەتەوەکانی کورد و تورکدا درز و دووبەرەکی دروست بکەن و ئەم کەلێنانە بکەنە زەمینەی کێشە و تێکهەڵچوون. دەبێ هەر لەمڕۆوە بە پەرەپێدانی ڕۆحی یەکگرتوویی و هاوپشتی لە نێوان خەڵکدا لە هەر نەتەوە و ئایینێک کە بن، زەمینەی سەرهەڵدانی ئەم درز و دووبەرەکییانە لەناو ببرێت

• شۆراکان و دامەزراوەکانی دیکەی دەسەڵاتی خەڵک لە کوردستان دەتوانن بە پشتبەستن بە ئامادەیی جەماوەر لە گۆڕەپانی سیاسیی کۆمەڵگادا ڕێگری لە ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی گرووپ و حیزبە چەکدارەکان بکەن و پێشبردنی ناکۆکییەکان لە ڕێگەی خەباتی سیاسی و بە شێوەیەکی شارستانییانە دەستەبەر بکەن. بەبێ ئامادەبوونی خەڵک لە گۆڕەپانی سیاسیدا ناتوانرێت حیساب لەسەر بەڵێنیی حیزبە ناسیۆنالیستەکان سەبارەت بە ڕەچاوکردنی ئازادییە سیاسییەکان بکرێت

• دەبێ دڵنیایی بە خەڵکی کوردستان بدرێت کە دەسەڵاتی شۆرایی و بەشداریی ڕاستەوخۆی خەڵک لە پرسی یاسادانان و کاروباری جێبەجێکردندا، بە باشترین شێوەی مومکین پێداویستییەکانی بەدیهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی کوردستان دابین دەکات. تەنیا بە بەشداریی کرێکاران و زەحمەتکێشان و تەواوی چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان لە ژیانی ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی و فەرهەنگیی کۆمەڵگادایە کە پرسی نەتەوەیی بە شێوەیەکی دیموکراتیک و لە پێناو بەرژەوەندییەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی ستەملێکراوی کوردستاندا چارەسەر دەبێت و کۆتایی بە ستەمی نەتەوایەتی دەهێنرێت

• سەرەنج و تەرکیزی چالاکییەکانی ڕێبەریی کۆمەڵە و چالاکانی کۆمەڵە لە ناوخۆ، تەبلیغاتی سیاسی و سەرجەم چالاکییە میدیاییەکان، تەلەڤیزیۆن، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، گۆڤار و ماڵپەڕەکان، دەبێ بەپێی پێداویستییەکانی ئەم دەورەیە لە خزمەتی پێشخستنی ئاراستەکان و ڕاپەڕاندنی ئەم ئەرکانەی سەرەوەدا بێت

لەم ڕووەوە کۆمەڵە جارێکی دیکە بانگەوازی هەموو کرێکاران و زەحمەتکێشان، لاوان، ژنان و پیاوانی ئازادیخوازی کوردستان، ڕێکخراوەکان و چالاکانی بوارە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەکات کە گەشە بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییەکان لە فۆڕمە جۆراوجۆرەکانیدا بدەن و لە دەوری ئاڵتەرناتیڤی حاکمییەتی شۆرایی جەماوەر لە کوردستان یەک بگرن

*****

پەسەندکراوی پلینۆمی دووەمی کۆمیتەی ناوەندی

کۆمەڵە – ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

کە لە ڕۆژی شەممە ٢ی ڕەشەممەی ١٤٠٤ بەرامبەر بە ٢١ی فێوریەی ٢٠٢٦ بەڕێوە چوو

❊❊❊

# ژیان و گوزەرانی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لەژێر گوشاری ئابووری جەنگیی حکوومەتی ئیسلامیدا

شەڕی نێوان دەوڵەتانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە لایەک و کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە، ڕەهەندێکی بێوێنەی بە قەیرانی ئابووری ڕژێم بەخشیوە. ئابوورییەک کە تەنانەت پێش ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی بەفرانبار، بە ڕێژەی هەڵاوسانی سەرووی ٦٠ لەسەد و دابەزینی توانای کڕینی کۆمەڵانی خەڵک، زۆرێک لە پێداویستییە سەرەکییەکانی خۆراکی لە خوان و سفرەی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێش سڕیبووەوە. لە ڕاپەڕینە سەرتاسەرییەکەی بەفرانباردا دژ بە



شێواویی بازاڕ و گرانی و هەژاری بەربڵاو، ڕژێمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی بە فەرمانی عەلی خامنەیی، هەزاران کەس لە جەماوەری ناڕازیی دایە بەر دەستڕێژی گوللە و خەڵتانی خوێنی کرد، دەیان هەزار کەسی بریندار و دەستبەسەر کرد و لە زۆرێک لە شارەکاندا جۆگەی خوێنی خستە ڕێ

بە دەستپێکردنی هێرشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل لە ٩ی ڕەشەمە و بۆردومانە بەردەوامەکان و پچڕاندنی دووبارەی هێڵی ئینتەرنێت، کاروکاسبی لە بازاڕی شارەکاندا بەتەواوی پەکی کەوتووە و ژیان و بژێویی کۆمەڵانی خەڵک لەگەڵ مەترسییەکی جیدی بەرەوڕوو بووەتەوە. لە وەها هەلومەرجێکدا، ڕژێمی کۆماری ئیسلامی تێچووە یەکجار قورسەکانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانەیە بەسەر سفرەی کرێکاران و جەماوەری زەحمەتکێشدا دەسەپێنێت. ئەو ڕاپۆرتانەی لە بازاڕی شارەکانی ئێرانەوە دەگەنە دەستمان، باس لە سستی و ڕاوەستانی بازاڕ و داخرانی زۆرێک لە کاروکاسبییە بچووک و مامناوەندە ماڵییەکانیش دەکەن کە لە ڕێگەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەڕێوە دەچوون و ئێستا داهاتەکەیان بەتەواوی لە کیس چووە. هەروەها بازاڕی گەورەی تارانیش بەهۆی ترس و دڵەڕاوکێ لە هێرشە سەربازییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و پچڕانی کارەباوە، بووەتە نیمچەداخراو و فرۆشی ڕۆژانەی بە ڕێژەی ٥٠ تا ٧٠ لەسەد دابەزیوە

پچڕاندنی ئینتەرنێت لەلایەن ڕژێمەوە بە مەبەستی جۆراوجۆر، تا ڕادەیەک یارمەتیدەری داڕمانی ئابووری بووە. لەمساڵدا، دەسەڵاتە پۆلیسییەکەی کۆماری ئیسلامی لە سێ قۆناغی کاتیدا (شەڕی ١٢ ڕۆژە، ئاخێزی ناڕەزایەتیی بەفرانبار و شەڕی ئێستا)، دەستڕاگەیشتنی خەڵکی بە ئینتەرنێت تووشی ئاستەنگ و پچڕانی بەربڵاو کردووە. ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەم هەنگاوە، هەم زیانێکی قورسی لە کاروکاسبییە ئانلاینەکان داوە و هەم قەیرانی ئابووریی زیاتر لە جاران قووڵتر کردووەتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی شەرق، ڕاگرتنی ئینتەرنێت زنجیرەیەک لە داڕمانی ئابووری لێ کەوتووەتەوە و لە ماوەی ٢٠ ڕۆژ پچڕانی ئینتەرنێت لە بەفرانباری ئەمساڵدا، نزیکەی ٨٠ لەسەدی ئامێرەکانی ئەی‌تی‌ئێم لەکار کەوتن و ژیان و بژێویی زۆرێک لەو کەسانەی کە کاروکاسبییەکەیان بەند بوو بە ئینتەرنێتەوە، لەگەڵ قەیران و گرفتی زیاتر ڕووبەڕوو بووەوە

ڕێژەی هەڵاوسانی سەرووی ٩٠ لەسەد و دابەزینی توانای کڕینی کرێکاران و توێژە بێبەشەکانی دیکە، هەژاری و برسیەتی لە کۆمەڵگەدا بە شێوەیەکی بێوێنە پەرە پێداوە. لەم نێوەندەدا جگە لە کرێکاران و لاوانی بێکاربوو، ژیان و بژێویی مووچەخۆران و خانەنشینانیش کە کرێ و مووچەی جێگیریان چەندین هێندە لە خوار هێڵی هەژارییەوەیە، کەوتووەتە بەر مەترسییەکی جیدییەوە. تا ئەو جێگەیەی کە تەنانەت لە سەروبەندی نەورۆزیشدا هیچ جۆرە جموجۆڵێک لە کەشوهەوای بازاڕی شارەکاندا بەدی ناکرێت. لە بەرامبەردا، ڕیزی چاوەڕوانی لە بەردەم نانەواخانە و وێستگەکانی سووتەمەنی درێژتر بووەتەوە و هەندێک لە مادده سەرەکییە پێویستەکان لە دەستی خەڵک دەرچووە و فرۆشتنی بەشێکی دیکە لە کاڵاکانیش جیرەبەندی کراوە. بەپێی ڕاپۆرتەکان، بەنزین لە بازاڕی ڕەشدا بە سێ هێندەی نرخی فەرمی مامەڵەی پێوە دەکرێت، چونکە دەوڵەت جارێکی دیکە پشکی بەنزینی کەم کردووەتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی دنیای ئیقتیساد، دەوڵەت پشکی بەنزینی بۆ ٥ ملیۆن کەس لە شۆفێرانی تەکسیی ئینتەرنێتییەکانی "سناپ و تەپسی" لە ٣٠ لیترەوە بۆ ٢٠ لیتر لە ڕۆژێکدا دابەزاندووە. سەبارەت بە مادده خۆراکییەکانیش، هەرچەندە دەوڵەت بە کۆمەڵێک هەنگاوی ڕواڵەتی بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕ، هەناردەکردنی بەرهەمە خۆراکی و کشتوکاڵییەکانی قەدەغە کردووە، بەڵام ئەم کارە نەیتوانیوە ببێتە ڕێگر لەبەردەم قۆرخکاریی و شاردنەوەی کاڵاکان لەلایەن سەرمایەداران و قازانجپەرستانەوە

بێگومان دوای کۆتاییهاتنی شەڕیش، دەرهاویشتە و ئاکامەکانی ئەم شەڕە کۆنەپەرستانە و دژەمرۆڤانەیە، کە خودی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ستراتیژ و سیاسەتە شەڕخوازی و پاوانخوازییەکانی پایەیەکی سەرەکیی ئەم شەڕەن، کاریگەری قووڵ و جیدی لەسەر ژیانی جەماوەری خەڵک بەجێ دەهێڵێت. چونکە زۆرێک لە ژێرخانە سەربازی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و حکومەتییەکان، کارگە و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لە هەموو ناوچەکانی ئێراندا بەهۆی بۆردومانەکانەوە وێران بوون. ئابووری مایەپووچی ڕژێمی کۆماری ئیسلامیش کە پێش شەڕ بۆ چەندین ساڵ گیرۆدەی چەقبەستوویی و هەڵاوسان بوو، چیدی نۆژەن ناکرێتەوە. بەتایبەت کە گەندەڵی و دزی مافیای دەسەڵات لە نێو ئاستە باڵاکانی ڕێبەران و بەرپرسە سەربازی و حکومییەکانی ڕژێمدا بووەتە دیاردەیەکی دامەزراوەیی و کەس لە ناوخۆی ڕژێمدا زات ناکات بەرپەرچیان بداتەوە

بەڵام لە هەلومەرجی شەڕی ئێستادا کە دەسەڵاتی ئیسلامی خۆی لە لێواری داڕمانی ئابووری و سیاسی و ڕووخاندا دەبینێت و لە لاوازترین قۆناغی تەمەنیدایە، ڕاگەیاندنی ئەوەی کە هەر جۆرە ناڕەزایەتییەکی خەڵک لەسەر شەقامەکان بە گوللە وەڵام دەداتەوە، نەک نیشانەی هێز و توانا، بەڵکوو دەرخەری ئەوپەڕی لاوازی و داماوییەتی. لە وەها بارودۆخێکدا، ڕێبەران و پێشڕەوانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، باشتر لە هەر کەسێک دەزانن کە شووشەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی لە دەستی چینی کرێکاردایە. چینی کرێکار دەتوانێت بە مانگرتنە کرێکارییەکان لە ناوەندە پیشەسازی و سەرەکییەکانی بەرهەمهێناندا، ببێتە کۆڵەکەی مانگرتنە سیاسییە سەرتاسەرییەکان و بە ڕاگەیاندنی داواکارییەکانی "ڕاگرتنی دەسبەجێی شەڕ"، "ئازادیی سەرجەم زیندانییانی سیاسی"، و "کۆتاییهێنان بە سزای لەسێدارەدان"، دەسەڵاتی ئیسلامی زیاتر لە جاران بخاتە ژێر گوشارەوە، ماشێنی شەڕ و سەرکوتی ڕژێم ڕابگرێت و زەمینە و پێداویستییەکانی ڕێکخستنی ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامی دەستەبەر بکات

❊❊❊

بو بینینی ڕاستەوخۆی

تەلەڤیزیۆنی ئاڵتێرناتیڤی شورایی

-کەناڵی هاوبەشی هێزە چەپ و

کۆمۆنیستەکان سەردانی ئەم سایتە

بکەن:

alternative-shorai.tv

**بژی ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کرێکاری**

# بۆ یادی گیان بەختکردووانی کیمیابارانی شاری هەڵەبجە لە ساڵی ١٩٨٨

ڕۆژی ٢٥ی مانگی ڕەشەممە ساڵڕۆژی کیمیابارانی شاری هەڵەبجەیە لە لایەن ڕژێمی جەنایەتکاری بەعسی عێراقەوە. ٣٨ ساڵ لەمەوبەر لە گەرمەی شەڕی کۆنەپەرستانەی نێوان ئێران و عێراقدا، شاری هەڵەبجە کەوتە بەر هێرشی فڕۆکەی جەنگیی ئەرتەشی عێراقەوە کە هەڵگری گازی کوشندە بوو و لە ماوەی کەمتر لە چەند




دەقیقەدا هەزاران منداڵ و پیر و لاو لە خەڵکی بێدفاعی ئەمشارە گیانیان بەخت کرد. هەزاران کەسی دیکەش بریندار بوون و ساڵیانێکی زۆریان لەگەڵ ئاسەواری ژاناویی ئەو گازە ژەهراویانە تێپەڕ کرد

لە سەردەمی ڕوودانی ئەم کارەساتەدا، شەڕی کۆنەپەرستانە و دژەخەڵکیی ئێران و عێراق لە هەشتەمین ساڵیدا بوو. هەموو بەڵگەکان نیشانیان دەدا کە ئەم شەڕە هەشت ساڵەیە خەریکە لە کۆتایی خۆی نزیک دەبێتەوە. نە خومەینی توانیبووی "ڕێگای قودس لە کەربەلا"وە بکاتەوە و ئیسلامی دڵخوازی خۆی دامەزرێنێ و نە سەدام حسێنیش توانیبووی لە ڕێگەی سەرکەوتن بەسەر ڕژیمی ئێراندا، پێگەی ڕێبەری ناسیۆنالیسمی جیهانی عەرەب بەدەست بێنێ. هەڵبەت ڕژیمی ئیسلامی لە لایەکەوە بە ئامانجی سەرەکیی خۆی، واتە سەرکوتی شۆڕشی ئێران لەژێر سێبەری شەڕ گەیشتبوو و لە لایەکی دیکەشەوە لە بواری مادیەوە چیتر توانای درێژەی ئەو شەڕەی نەبوو. ئەرتەشی عێراقیش بێ توانا و لێکەوتوو و ماندوو بوو. شەڕی نەوتکێشەکان، هەناردەی نەوتی لە ناوچەکەدا لەگەڵ مەترسیی جیدی ڕووبەڕوو کردبووەوە و درێژەی شەڕ، وەکوو ئەوەڵین ساڵەکان، بۆ سەرمایەی جیهانیی قازانجی تێدا نەبوو. لە وەها بارودۆخێکدا کە هەر دووک لا کۆتایی شەڕیان پێ حەتمی بوو، بەدوای بەدەست هێنانی ئیمتیازەوە بوون تا دواتر لە سەر مێزی وتووێژ کەڵکی لێ وەرگرن. ئەوان بەو مەبەستە پێویستیان بە سەرکەوتنی کورت ماوە و خێرا بوو و بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش لە ئەنجامدانی هیچ جەنایەتێک دەریغیان نەدەکرد. ڕژیمی بەعس دەستی بە چەکی شیمیایی ڕاگەیشتبوو و بە شێوەیەکی بەرین لە بەرەکانی شەڕ و هەروەها دژبە خەڵکی ئاسایی و هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستانی عێراق کەڵکی لێوەردەگرت و ڕژیمی ئیسلامیش لە ئەنجام دانی هیچ جەنایەتێک دەستی نەدەپاراست

پیلانی هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ ناوچەی هەڵەبجە لە وەها بارودۆخێکدا دارێژرا. لەو دەورەیەدا هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستانی عێراق، حیزبی دێموکراتی کوردستانی عێراق و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە نێوبژیی کۆماری ئیسلامی کێشەکانی خۆیان وەلانا و بەرەیەکی یەکگرتوویان پێکهێنا. کۆماری ئیسلامیش ڕەزامەندیی ئەو هێزانەی بۆ هاوکاری کردن لە هێرش بردنەسەر ئەو ناوچەیە، بەدەست هێنابوو. لە نیوەشەوی ٢٤ی ڕەشەممەدا هێرشی هاوبەشی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی و بەرەی یەکگرتووی کوردستان بەو ناوچەیە دەستی پێکرد. خەڵکی شاری هەڵەبجە و شار و گوندەکانی دەوروبەری کە کەوتبوونە ژێر گوشار و مەنگەنەی هێزەکانی هەردووک لاوە، بۆ پاراستنی گیانیان پەنایان بۆ ژێرزەمینی ماڵەکان بردبوو. ئەرتەشی عێراق لە بەرامبەر هێرشی هاوبەشی ڕژیمی ئێران و بەرەی یەکگرتووی کوردستان نەیتوانی موقاوەمەت بکات و ناوچەکە کەوتە ژێر کۆنترۆڵی هێزەکانی ڕژیمی ئێرانەوە. ڕۆژێک دواتر سەدام و ڕێبەریی حیزبی بەعس، لە حاڵێکدا کە تەنانەت سەربازەکانی خۆشیان بە تەواوی لە بەرەی شەڕ پاشەکشەیان نەکردبوو، فەرمانی جەنایەتکارانەی بۆمبارانی شیمیایی ناوچەکەیان دەرکرد. ئەو پەناگایانەی کە خەڵکی بێدفاع بۆ پاراستنی گیانیان، خۆیان تێدا حەشار دابوو، بە بڵاوبوونەوەی ئەو گازە ژەهراویانە بوون بە قەتڵگایەکی گەورە. نزیک بە ٥ هەزار منداڵ و پیر و لاو بەهۆی ئەم بۆمبارانە شیمیاییەوە گیانیان لەدەستدا. بۆمبارانی شیمیایی خەڵکی بێدیفاعی هەڵەبجە لە ڕیزی یەکەمی جینۆسایدەکانی مێژووی سەدەی بیستەمدا تۆمار کراوە

بەڵام ڕژیمی بەعسی عێراق لە ئەنجامدانی ئەو جەنایەتەدا تەنیا نەبوو. دەوڵەتە ئەورووپاییەکان و لە سەرووی هەموانەوە دەوڵەتەکانی ئاڵمان و هۆلەند و فەڕانسە کە لە جەنایەت و نەسلکوژیی دەوڵەتی ڕەگەزپەرستی ئیسرائیل دژبە خەڵکی فەلەستین لە غەززە پشتیوانیان کرد بەڵام دووڕوویانە دڵیان بۆ خەڵکی ئۆکراین دەسووتێت، ئەوکات بۆ بەدەست هێنانی سوودە کەڵانەکانیان، بە کۆمپانیەکانی ژێر کۆنترۆڵی خۆیان ڕێگەیان دابوو چەکی شیمیایی بدەنە دەوڵەتی عێراق. سەرەڕای پەیمانە نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە قەدەغەبوونی بەکارهێنانی چەکی کوشتاری بەکۆمەڵ، دەیان کۆمپانیی ئاڵمانی، هۆلەندی و فەڕانسەوی چەکی شیمیاییان بە ڕژیمی جەنایەتکاری سەدام فرۆشت. دەوڵەتی ئەمریکاش لە کۆمەڵکوژیی دەوڵەتی ئیسرائیل دژبە خەڵکی غەززە شەریکە، لە وردەکاریی ئەم جەنایەتە و بەکارهێنانی گازی سارین، گازی ئەعساب و گازی خەردەل دژبە خەڵکی کوردستان ئاگادار بوو و ئاگاهانە پانتایە واقعییەکەی لە بیروڕای گشتیی جیهان شاردەوە. بۆمبارانی شیمیایی خەڵکی هەڵەبجە بەرەورووی بێدەنگیی سەرشۆڕانەی زلهێزەکانی سەرمایەداری و میدیاکانی سەر بەوان بووەوە

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ماوەیەکی زۆر لەو ناوچەیە نەمایەوە و پاشەکشەی کرد و هێزەکانی ڕژیمی بەعس دووبارە کۆنترۆڵی ناوچەکەیان گرتەوە دەست، بەڵام ئەو برینە قووڵ و بەژانەی کە لە لایەن ئەم جەنایەتکارانەوە لەسەر جەستەی خەڵکی ستەملێکراو و زەحمەتکێش درا، پاش تێپەڕینی ٣٨ ساڵ، هێشتاش سارێژ نەبووەتەوە. لە ٣٨مین ساڵهاتی بۆمبارانی شیمیایی شاری هەڵەبجە و گیان بەختکردنی هەزاران کەس لە خەڵکی ئەمشارە و ناوچەکانی دەوروبەری، بۆ یاد و بیرەوەری هەموو ئەو ئینسانانە سڵاو و درووود دەنێرین. بە هیوای ڕۆژێک کە کۆمەڵکوژی و شەڕ و نائەمنی، ئەشکەنجە و زیندان، هەژاری و نابەرابەری، کە نیزامی سەرمایەداری هۆکار و پەرەپێدەریەتی، جێگای خۆی بداتە ئاشتی و ئازادی و ڕەفاە و یەکسانیی ئینسانەکان

***

## بژی دەسەڵاتی شۆرایی خەڵک لە کوردستان

# پەیامی موجتەبا خامنەیی، پەرەپێدانی کەشی شەڕ و دەنگی پێی فاشیزمی سپای پاسداران

یەکەمین پەیامی نیسبەتدراو بە موجتەبا خامنەیی لە پێگەی ڕێبەریی حکوومەتی ئیسلامیدا، ڕۆژی پێنجشەممە ٢١ی ڕەشەمە لە کەشێکی پڕ لە نارِوونی و تەمومژاویدا لەلایەن بێژەری تەلەڤیزیۆنی حکوومەتییەوە خوێندرایەوە. ئەم پەیامە، ١٢ ڕۆژ پاش کوژرانی عەلی خامنەیی لە هێرشە سەربازییە هاوبەشەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ سەر تاران، و چوار ڕۆژ پاش دەستنیشانکردنی موجتەبا خامنەیی وەک سێیەمین ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لەلایەن "مەجلیسی خوبرەگان"ی ڕژێمەوە، بڵاو کرایەوە. "مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری"، ئەم دامەزراوە مفتەخۆرە، ڕۆژی دووشەممە ١٨ی ڕەشەمە، یەکەم و تەنیا ئەرکی خۆی دوای ٣٦ ساڵ جێبەجێ کرد، کە ئەویش بریتی بوو لە دیاریکردنی موجتەبا خامنەیی وەک سێیەمین ڕێبەری کۆماری ئیسلامی لە جێگەی عەلی خامنەیی

ئەم دەستنیشانکردنە تەنیا لەلایەن ژمارەیەکی سنووردار لە دەوڵەتان و ڕەوتە ئیسلامییە گرێدراوەکانەوە پیرۆزبایی لێ کرا. لە نێوخۆی دەسەڵاتی ئیسلامیشدا زۆربەی ئوسوولگەراکان، فەرماندەکانی سپای پاسداران و هێزە چەکدارەکان، عەلی لاریجانی و پزیشکیان و هتد، بەیعەتیان لەگەڵ کرد. هەڵبەت دیاریکردنی موجتەبا، ڕووبەڕووی کاردانەوەی نەرێنیی بەشێک لە ئوسوولگەراکان، ئیسڵاحتەڵەبان، میانەڕەوەکان و کەسانی نزیک لە حەسەن ڕۆحانی و ئەوانی دیکەش بووەوە. ئەوان ئەم دانانەیان لەم هەلومەرجە جەنگییەدا بە بێلۆژیک و بە "کردەوەیەکی لادەرانە و ژەهرێکی کوشندە" بۆ کۆماری ئیسلامی وەسف کرد. هیچ هەواڵێک لە بەیعەتی مەرجەعەکانی شیعە لەگەڵ "حوجەتولئیسلام موجتەبا کە یەکشەوە بوو بە ئایەتوڵڵا و ئایەتوڵڵای عوزما و ڕێبەری مەزنی شۆڕشی ئیسلامی" لە ئارادا نەبوو. تەنانەت بنەماڵەی ڕەفسەنجانی، پەیامی پیرۆزبایی و بەیعەتی موحسین هاشمی ڕەفسەنجانی، برای گەورەیان بۆ موجتەبایان لەبری بنەماڵەکەوە ڕەت کردەوە و بە درۆیان خستەوە

سەرجەم ئاماژەکان و بەڵگەکان دەریدەخەن کە ئەم داسەپاندنە میراتییە، بە فەرمان و دیکتەکردنی ناوەندی سەختی ڕێبەرایەتیی سپای پاسداران بەسەر مەجلیسی خوبرەگاندا ئەنجام دراوە و بەڕێوە براوە. دانانێک کە موجتەبا بە درۆ بانگەشەی ئەوەی کرد کە لێی بێئاگایە و ڕۆژی پێنجشەممە لە ڕێگەی ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆنی کۆماری ئیسلامییەوە بیستوویەتی، چونکە ساڵانێکە سپای پاسداران لە هەوڵی ئەوەدایە بۆ جێنشینیی ڕێبەر ئامادەی بکات. خوێندنەوەی پەیامی نیسبەتدراو بە موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری کۆماری ئیسلامی، بەبێ وێنە و دەنگی خۆی و چوار ڕۆژ پاش دیاریکردنی لەلایەن مەجلیسی خوبرەگانەوە، پرسیار و گومانێکی زۆری هێناوەتە ئاراوە

نێوەرۆکی یەکەمین پەیامی موجتەبا هیچ لە پەیامی سیاسی ڕێبەرێکی ڕژێم ناچێت، بەڵکوو پەیامێکی شەڕانگێزانەی فەرماندەیەکی سەربازییە. پێچەوانەی بۆچوونی ساویلکەکان، موجتەبا نەک هەر ڕوانگەی گۆڕانکاریی لە کۆماری ئیسلامیدا نییە، بەڵکوو لە هەماهەنگی تەواودا لەگەڵ کادری ڕێبەرایەتی حیزبی پادگانی سپای پاسداران هەنگاو دەنێت. ئەوەی لە پەیامەکەی موجتەبادا جەختی لەسەر کرابووەوە، سەرەڕای چەواشەکارییە ئاخوندییەکانی سەر مینبەر و پەنابردن بۆ خورافاتی ئیمام زەمان و هتد، باس لە درێژەدان بەم جەنگەی ئێستا و کردنەوەی بەرەی دیکەی شەڕ بوو وەک بەرگرییەکی کاریگەر و پەشیمانکەرەوە؛ بەردەوامبوونی داخستنی گەرووی هورمز بۆ ماوەیەکی درێژخایەن وەک ئامرازێکی گوشار بۆ سەر ئەمریکا، کە ناوبراو ئەوەی بە ویستی خەڵکی ئێران ناو برد؛ بەڵێن و پەیمانی تۆڵەسەندنەوەی هێرش و کوشتارەکان لە



"ئیستیکبار" و ئیسرائیل بوو، وە سوێندی خوارد کە لە تۆڵەی خوێنی شەهیدان و ئەو مەرگانەی بەهۆی جەنگەوە ڕوویان داوە خۆش نابێت. وەرگرتنی قەرەبووی شەڕ لە ئەمریکا و ئیسرائیل و لە ئەگەری نەگونجانی ئەوەدا، لەناوبردنی سەروەت و سامانیان بە هەمان ئەندازە، یەکێکی دیکە لە دروشمە پووچ و بەتاڵەکانی پەیامەکەی موجتەبا بوو

ڕاگەیاندنی پێزانین، پشتیوانی و هاوپشتی لەگەڵ ڕەوتە تیرۆریستە ئیسلامییەکانی بەناو "میحوەری موقاوەمەت" و یارمەتیدانیان لە ئەرکەکانیاندا سەبارەت بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ "دوژمنان"، بەشێکی دیکە لە پەیامەکەی موجتەبا بوو کە جەختی لە درێژەدان بە ستراتیژیی کۆماری ئیسلامی بۆ دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە دەکردەوە. لەم پەیامەدا، موجتەبا "بەرەی موقاوەمەت"ی بە بەشێکی جیانەکراوە لە بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی ناو برد. ناوبراو ڕایگەیاند کە هاوڕێیەتی حیزبوڵڵای لوبنان، حووسییەکانی یەمەن و حەشدی شەعبی لە عێراق، "ڕێگەی ڕزگاربوون لە فیتنەی زایۆنیستی" کورتتر دەکاتەوە. بەردەوامبوونی هێرشکردنە سەر بنکەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا تا کاتی هەڵچنینیان، و هەڕەشەکردن لەو دەوڵەتانەی کە مۆڵەتی جێگیربوونی ئەو بنکانەیان بە ئەمریکا داوە، بەشێکی دیکە لە نێوەرۆکی پەیامەکەی ناوبراو بوون

لە بەشێکی دیکەی ئەم پەیامە نیسبەتدراوەدا، جەخت لەسەر یەکڕیزی تاک و توێژەکانی نەتەوە و وازهێنان لە ناکۆکییەکان و "ئامادەبوونی کاریگەر لە گۆڕەپانەکەدا" کراوەتەوە، کە ئەمەش بە واتای هەڕەشەکردن لە نەیارانی نێوخۆی دەسەڵات و ناچارکردنیان بە بێدەنگی دێت. لەم پەیوەندییەدا، ناوبراو بانگەوازی لە مۆرە و بەکرێگیراوانی ڕژێم کرد تا لە ژێر ناوی "دوژمنشکێن"دا بەشداری لە ڕێوڕەسمە کۆنەپەرستانە و خورافییەکانی ڕۆژی قودس دژی ئیسرائیل بکەن، و ئەوەشی بە یەکێک لە ئەرکەکانی ڕێبەرایەتی و بەرپرسان ناو برد. بەم جۆرە، بەشە سەرەکییەکەی پەیامی موجتەبا خامنەیی پێکهاتبوو لە درێژەدان بە سیاسەتە شەڕانگێزییەکانی عەلی خامنەیی، بەردەوامی سەرکوت و پاراستنی کەشوهەوای میلیتاریستی و ئەمنییەتی لە نێو کۆمەڵگەدا. بڵاوبوونەوەی پەیامی خامنەیی کوڕ و بانگەوازەکەی بۆ بنەماڵەی هێزەکانی بەسیج و سپا و دەستوپێوەند و فالانژەکانی ڕژێم بۆ هاتنە مەیدان، لە کاتێکدایە کە خاڵەکانی کۆنترۆڵ و پشکنینیان لە تاران و سەرجەم شارە گەورەکاندا دامەزراندووە و ئەحمەدڕەزا ڕادان، فەرماندەی گشتی هێزە ئینتیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی، ئێوارەی ١٩ی ڕەشەمە لە ڕێگەی سەدا و سیماوە هەڕەشەی کرد: «ئەگەر کەسێک بە ویستی دوژمن بێتە سەر شەقام، ئێمە وەک نارازی و شتی وا نایبینین، بەڵکوو بە دوژمنی دەزانین. هەمان ئەو کارەی لەگەڵ دەکەین کە لەگەڵ دوژمن دەیکەین.»

لە پەیامە نیسبەتدراوەکەی موجتەبا خامنەییدا، هیچ باسێک لە بارودۆخی شێواو و قەیراناویی کۆماری ئیسلامی، مایەپووچی و قەیرانی قووڵی ئابووری، هەڵاوسان، گرانی، دارمانی بێوێنەی بەهای دراوی نێوخۆیی، حەقدەست و کرێی چەندین هێندە ژێر هێڵی هەژاری و ئەو ژیانە کارەساتبارە نەکراوە کە کۆماری ئیسلامی بەسەر جەماوەری ئێراندا سەپاندوویەتی. ناوبراو تاکوو ئێستا وەک یەکێک لە مۆرە ئەمنییەتییەکان و ئەڵقەیەکی سەرەکیی مافیای دەسەڵات لە نێو سپای پاسداراندا ڕۆڵی گێڕاوە. بە پێی ئەو ڕاپۆرتانەی بڵاو کراونەتەوە، سەروەت و سامانی موجتەبا خامنەیی بە زیاتر لە ٣ ملیار دۆلار بەراورد کراوە کە لە بانکەکانی ئیمارات، چەند وڵاتێکی ئەفریقایی و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و ئەورووپاشدا سەرمایەگوزاریی پێ کراوە

بۆ کرێکاران و جەماوەری ئازادیخوازی ئێران، دانانی موجتەبا خامنەیی لە جێگەی عەلی خامنەیی، بە واتای بەهێزبوونی زیاتری سپای پاسداران، توندترکردنەوەی کەشی ئەمنییەتی و بەردەوامی هەژاری و نەهامەتی ئابووری، بێمافییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، هەڵاواردن و نایەکسانییەکان و سەرجەم ئەو کارەساتانە دێت کە ڕژێمی ئیسلامی لە ماوەی ٤٧ ساڵی ڕابردوودا بەسەریاندا سەپاندووە. ئەم ڕژێمە دژەمرۆییە ئێستا لە لاوازترین سەردەمی تەمەنی خۆیدایە. نابێت چاوەڕێی کۆتاییهاتنی جەنگ بین. ئێستا کاتی ئەوەیە بە مانگرتنە سەرتاسەرییەکانی کرێکاران لە پیشەسازییە بنەڕەتییەکان و خۆشکردنی زەمینە بۆ مانگرتنی سیاسی جەماوەری بە خواستی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و ئازادکردنی سەرجەم زیندانییانی سیاسی، ماشینی شەڕ و دەزگای سەرکوتی سپای پاسداران ئیفلیج بکرێت و ئەم ڕژێمە تاوانکارە هەرەس بێنێت و بڕووخێندرێت

❊❊❊

# منداڵان لەناو گرمەی فڕۆکە جەنگییەکان و نەڕەی سەرکوتگەراندا

شەڕ، تەنیا بنکە سەربازییەکان ناکاتە ئامانج. شەڕ هێواش هێواش دزە دەکاتە نێو ژیانی ڕۆژانەوە؛ بۆ ناو ماڵەکان، بۆ ناو خەوی شەوانەی کۆمەڵانی خەڵک، و بۆ ناو مێشک و دەروونی ئەو منداڵانەی هێشتا خەریکی ناسینی جیهانن. دەنگی تەقینەوە، هەواڵی یەک لەدوای یەکی هێرشەکان و لەپاڵ ئەوەشدا ئامادەییی هێزە سەرکوتگەرەکان لە شەقامەکاندا، کەشێک دەخولقێنێت کە تەنیا دۆخێکی سەربازی نییە؛ بەڵکوو دۆخێکی دەروونی و کۆمەڵایەتیی گشتگیرە. لە وەها هەلومەرجێکدا، کۆمەڵگا تەنیا لەگەڵ هەڕەشەی دەرەکیدا بەرەوڕوو نابێتەوە، بەڵکوو لەگەڵ میکانیزمە ناوخۆییەکانی کۆنترۆڵکردن و تۆقاندنیشدا ڕووبەڕوویە

دۆخێک کە پێی دەگوترێت وەڵامدانەوەی فشاری دەروونیی درێژخایەن (کرۆنیک). لەم دۆخەدا، جەستە و مێشکی منداڵەکە بەردەوام لە حاڵەتی ئامادەباشیدا دەبن؛ وەک بڵێی هەر ساتێک ئەگەری گەڕانەوەی مەترسییەکە هەبێت. درێژەکێشانی ئەم هەلومەرجە دەتوانێت شوێنەواری قووڵ لەسەر گەشەی سۆزداری، هزری و کۆمەڵایەتیی منداڵەکە بەجێ بهێڵێت

لێکەوتە دەروونییەکانی ئەزموونێکی لەم شێوەیە، لە ڕەفتاری منداڵاندا بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەون. دڵەڕاوکێی توند، مۆتەکەی شەوانە (کابووس)، تێکچوونی خەو، کێشەی تەرکیزکردن و هەستی نائارامی بەردەوام، لەو کاردانەوە باوانەن.



لەم ڕۆژانەدا کە ئێران کەوتووەتە ژێر سێبەری بۆردومان، شەقامەکانیش بوونەتە گۆڕەپانێک بۆ نمایشی "ئیقتدار"ی سیاسی ڕژێمی تاوانکاری کۆماری ئیسلامی. ڕێپێوان و مانۆڕە شەوانەکانی هێزە سەرکوتگەرەکان لە گەڕەکەکان، ئامادەیی هەڕەشەئامێزی گرووپە حکوومەتییەکان لە کۆڵانەکان و ئەو هاوار و دروشمانەی لە تاریکی شەودا دەنگ دەداتەوە، تەنیا نمایشێکی ئایدۆلۆژیک نین. ئەم هەنگاوانە کارکردێکی ڕوونیان هەیە؛ خوڵقاندنی کەشی تۆقاندن، داسەپاندنی ئامادەیی بەردەوامی دەسەڵات و تێکشکاندنی هەستی ئاسایش لە ناو خەڵکدا. ئەم جۆرە ئامادەییە لە شەقامەکان، بەتایبەت لە کاتەکانی شەودا، جۆرێکە لە شەڕی دەروونی دژ بە کۆمەڵگا؛ هەوڵێکە بۆ ئەوەی خەڵک بەردەوام لە کەشی دڵەڕاوکێ و چاودێری هەمیشەییدا بژین

لەم نێوەندەدا، منداڵان زیانهەڵگرترین قوربانیانی ئەم دۆخەن. منداڵ بۆ شکڵگرتنی هەستی ئاسایش، پێویستی بە ژینگەیەکی پێشبینیکراو و تا ڕادەیەک ئارام هەیە. ماڵ و گەڕەک بۆ ئەو دەبێ مەیدانی ئاسایش بن؛ شوێنێک کە جیهان تێیدا جێگەی تێگەیشتن و متمانەپێکراو بێت. بەڵام شەڕ و سەرکوت، ڕێک ئەم بناغانەی ئاسایشی دەروونی لەرزۆک دەکەن. کاتێک منداڵێک نیوەشەو بە دەنگی تەقینەوە یان هاوارە هەڕەشەئامێزەکان لە خەو ڕادەپەڕێت، سیستەمی دەمارییەکەی دەچێتە دۆخی "ئامادەباشی بەردەوام"ەوە؛

هەندێک لە منداڵان تووشی شەڕانگێزی یان هەستیاری دەبن، هەندێکی تریش پەنا بۆ بێدەنگی و گۆشەگیری دەبەن. لە زۆر حاڵەتیشدا، ترس بە شێوەیەکی شاراوە لە مێشکی منداڵەکەدا دەمێنێتەوە و ساڵانێک دواتر خۆی لە فۆرمی دڵەڕاوکێ، بێ‌متمانەیی یان هەستی نائارامی درێژخایەندا دەردەخات

ئەزموونی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ساڵانێک لەگەڵ شەڕدا ژیاون نیشانی دەدات کە شوێنەوارە دەروونییەکانی شەڕ، تەنیا کورت نابێتەوە بۆ کاتی پێکدادانەکان. شەڕ دەتوانێت بیرەوەریی دەستەجەمعی نەوەیەک فۆرمولە بکات. ئەو منداڵانەی لە کەشی ترس و نائارامیدا گەورە دەبن، زۆرجار بە هەستی ناسەقامگیری بەرامبەر بە جیهانی دەوروبەریان پێ دەگەن. ئەم مەسەلەیە تەنیا خەسارێکی تاکەکەسی نییە؛ بەڵکوو بەرەبەرە کاریگەری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، متمانەی گشتی و تەنانەت فەرهەنگی سیاسی کۆمەڵگاش دادەنێت

لە وەها هەلومەرجێکدا، شەڕ و سەرکوت دەبنە دوو دیوی یەک واقیعی دیاریکراو. ڕژێمە سەرکوتگەرەکانی وەک کۆماری ئیسلامی، زۆرجار زۆرترین کەڵک لە فەزای شەڕ وەردەگرن بۆ توندترکردنەوەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی. دڵەڕاوکێی گشتی، کۆمەڵگا پەرتەوازە و پارێزکارتر دەکات و دەرفەتی خۆڕێکخستن و نارەزایەتییەکان بەرتەسک دەکاتەوە. نمایشی شەوانەی هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژێمی ئیسلامی لە گەڕەکەکاندا، ڕێک

لەم چوارچێوەیەدا جێگەی تێگەیشتنە: پەیامێکی بەردەوام بۆ کۆمەڵگا کە گوایە دەسەڵاتی حاکم لە هەموو شوێنێک ئامادەیی هەیە

لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، کۆمەڵگا تەنیا قوربانییەکی پاسیڤ و بێدەسەڵاتی ئەم دۆخە نییە. تەنانەت لە سەختترین هەلومەرجەکانیشدا، فۆرمە جۆراوجۆرەکانی هاوپشتی و خۆڕاگری کۆمەڵایەتی شکڵ دەگرن. یەکەمین هەنگاو لە بەرامبەر وەها کەشێکی توندوتیژدا، پاراستنی پەیوەندییە مرۆییەکانە. خێزانەکان، دراوسێکان و تۆڕەکانی پەیوەندی لەناو گەڕەکەکاندا دەتوانن بە خوڵقاندنی ژینگەیەکی ئارامتر بۆ منداڵان، بەشێک لەو فشارە دەروونییە کەم بکەنەوە. گفتوگۆی ڕاشکاوانە بەڵام ئارام لەگەڵ منداڵان سەبارەت بەوەی ڕوو دەدات، پاراستنی ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانە و ڕەخساندنی دەرفەت بۆ یاری و بەتاڵکردنەوەی هەست و سۆزەکان ، دەتوانێت یارمەتییان بدات تا هەست بکەن کۆنترۆڵی زیاتریان بەسەر جیهانەکەیاندا هەیە

هەروەها ئەزموون نیشانی داوە کە لە هەلومەرجی قەیرانی شەڕدا، هاوپشتییە ناوچەیی و گەڕەکییەکان دەتوانن دەورێکی چارەنووسساز بگێڕن. هاوکاریی نێوان خێزانەکان، پشتیوانی لە یەکتر و خوڵقاندنی کەشێکی بەکۆمەڵ بۆ چاودێریکردنی منداڵان، نەک تەنیا فشاری دەروونی کەم دەکاتەوە، بەڵکوو متمانەی کۆمەڵایەتیش بەهێز دەکات. پەیوەندیگەلێکی لەم شێوەیە ڕێگر دەبن لەوەی ترس بگۆڕێت بۆ تەنیایی و گۆشەگیری

لە ئاستێکی بەرفراوانتریشدا، بەرەنگاربوونەوەی چەرخەی شەڕ و سەرکوت دەبێتە مەسەلەیەکی سیاسی. ململانێ و شەڕی زلهێزە ناوچەیی و جیهانییەکان، لەپاڵ ڕژێمە سەرکوتگەرەکاندا، زۆرجار ژیانی کۆمەڵانی خەڵک دەکەنە گۆڕەپانی کێبڕکێ و توندوتیژی. لە وەها هەلومەرجێکدا، بەرگریکردن لە ژیان، ئاشتی و ئازادی دەبێتە هەڵوێستێکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی؛ هەڵوێستێک کە لە بەرامبەر هەردوو فۆرمی توندوتیژیدا — واتا شەڕ و سەرکوت — دەوەستێتەوە

منداڵان یەکەمین قوربانیانی شەڕن، بەڵام داهاتووی هەر کۆمەڵگایەکیش لە بوونی ئەواندا فۆرم دەگرێت. ئەو کۆمەڵگایەی بتوانێت تەنانەت لە تاریکترین ساتەکانیشدا لە دەروون و هیوای منداڵەکانی پارێزگاری بکات، لە ڕاستیدا بەرگری لە ئاسۆی داهاتوو کردووە. لە دڵی ئەو شەوانەدا کە دەنگی تەقینەوە و هەڕەشە لە فەزادا دەزرنگێتەوە، هێشتا هەناسەی ژیان بەردەوامە. منداڵان هێشتا دەیانەوێت یاری بکەن، پێبکەنن و جیهان کەشف بکەن. بەرگریکردن لەم مافە سادەیە — مافی ژیان لەناو ئاسایش و ئارامیدا — لەوانەیە بنەڕەتیترین فۆرمی خۆڕاگریی مرۆیی بێت لە بەرامبەر شەڕ و سەرکوتدا

***

# مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری لە "غیابی ترامپ"دا خامنەیی کوڕیان لە جێگەی خامنەیی باوک دانا

لە کاتێکدا شەڕی ئەمریکا و ئیسرائیل لەگەڵ ئێران پێی ناوەتە دووەمین هەفتەی خۆیەوە و هەموو ڕۆژێک زیاتر لە ڕۆژی پێشوو ڕەهەندە بەرفراوانەکانی وێرانی، کوشتار و ئاوارەیی و نەهامەتییەکانی دیکەی ئەم شەڕە لەسەر ئاسایش، کار، ژیان و بژێویی خەڵک ڕوونتر دەبێتەوە، مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ڕایگەیاند کە «بە دەنگی یەکلاکەرەوە، موجتەبا خامنەیی وەک سێیەمین ڕێبەری کۆماری ئیسلامی هەڵبژاردووە». جەللادی کوڕیان لە جێگەی جەللادی باوک دانا تاوەکوو ستراتیژی مانەوەی نیزامی ئیسلامی لە سەردەمی شەڕ و قەیراندا پێوشوێن بگرێت. تا ئەم ساتەوەختە، یەکێک لە دەستکەوتەکانی ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی نەتانیاهۆ و ترامپ، گۆڕینی ڤێرژنی خامنەیی پیر بووە بە ڤێرژنە گەنجەکەی، وەکوو ئوسوولگەراکان دەڵێن: « ڕێگای خوا ڕوون بووەوە، خامنەیی گەنج بووەوە». سەرباری ئەوەی کە توێژێک لە ڕێبەران و فەرماندەکانی کۆماری ئیسلامی لەناو چوون و شەڕ و وێرانکاری بەردەوامە، بەڵام پێچەوانەی تەسەوری ترامپ، هێشتا هیچ نیشانەیەک لە هەڵکشان و سەرهەڵدانی ئیسلاحخوازانی حکوومەتی و ئیعتدالخوازانێک کە ئامادەی تەسلیمبوون بن لە بەرامبەر مەرجەکانی ئەمریکادا، نابینرێت

بە دیاریکردنی موجتەبا خامنەیی بۆ پێگەی ڕێبەریی نیزامی ئیسلامی، زۆرێک لە ئوسوولگەراکان بە بەرزکردنەوەی پلەی ناوبراو بۆ ئایەتوڵڵا، پشتیوانییان لە هەڵبژاردنەکەی کرد. فەرماندەکانی هێزە چەکدارەکان یەک لەدوای یەک بەیعەتیان بە ڕێبەری نوێ کرد و سپای پاسدارانیش لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە ئامادەیە پەیڕەوی لە موجتەبا خامنەیی وەک ڕێبەری تازە بکات. عەلی لاریجانی، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی، داوای یەکڕیزیی کرد لە دەوری ڕێبەری نوێ. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک لە ئوسوولگەراکان ئەم هەڵبژاردنەیان بە گوماناوی و بێلۆژیک زانی. لەم نێوەندەدا، لایەنگران و نزیکانی حەسەن ڕووحانی، دیاریکردنی جێنشینیان لە ڕۆژانی شەڕدا بە «کردەوەیەکی لادەرانە و ژەهرێکی کوشندە» ناوبرد. ئەم هەڵوێستگرتنانە دەریدەخەن کە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا و تەنانەت لە نێو خودی مەجلیسی خوبرەگانیشدا، کۆدەنگییەکی تەواو لەسەر هەڵبژاردنی خامنەیی کوڕ بوونی نەبووە

ئەوەی ڕوونە لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، جێگە و پێگەی باڵەکان لە ئارایشی سیاسی حکوومەتدا لە هەر قۆناغێکدا، وابەستە بووە بە ئاستی نفووزیان لەنێو سپای پاسداران، یان پەسەندبوونی ئەو باڵە بۆ مانەوەی ڕژێم لە قۆناغێکی دیاریکراودا لە ڕوانگەی کادری سەرکردایەتی سپاوە. هەڵکشانی موجتەبا خامنەیی بۆ پلەی ڕێبەری، لە هەمان کاتدا دەربڕی ئەو ڕاستییەیە کە دامەزراوەی سپای پاسداران سەرەڕای ئەو زەبرانەی بەریکەوتووە، هێشتاش ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە نێو پێکهاتەی حکوومەتی ئیسلامیدا هەیە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە پایە سەرەکییەکانی دەسەڵات، وەک هێزە چەکدارەکان، ئەمنییەکان و ئیتلاعاتییەکان، تۆڕە بەهێزە ئابووری و میدیاییەکان و هەژموون بەسەر هێزە نیابەتییەکاندا لە ڕێگەی سپای قودسەوە، هەموویان لە دەستی سپادا چڕ بوونەتەوە، ئەم دامەزراوەیە ڕۆڵ و جێگەیەکی یەکلاکەرەوەی لە بڕیاردانەکانی ڕژێمی ئیسلامیدا هەیە. لە سەردەمی خامنەیی باوکیشدا، سپای پاسداران بەپێی ئەو پێگەیەی هەیبوو، لە هەماهەنگی لەگەڵ وەلی فەقیهدا، ڕۆڵێکی گرنگی لە کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی ململانێ و کێشمەکێشی باڵەکانی نێو حکوومەتدا دەگێڕا. بە کوژرانی عەلی خامنەیی، کۆماری ئیسلامی کارەکتەرێکی سەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی قەیرانە حکوومەتییەکانی لەدەست داوە. موجتەبا خامنەیی کە پێگە و مەوقعییەتی ئێستای دەرئەنجامی کێشمەکێشی نێوخۆیی باڵەکانی حکوومەتە، ناتوانێت ئەو بۆشاییە پڕ بکاتەوە. لەبەر ئەوە، ئەگەر بارودۆخی شەڕ و مەترسی داڕمانی ئابووری، بەکردەوە ڕۆڵی سپای پاسداران لە ڕابەرایەتیکردن و بەڕێوەبردنی شەڕ و ئابووری لەم دۆخە قەیراناوییەدا زەقتر دەکاتەوە، ئەوا کوژرانی خامنەییش ڕۆڵێکی سەرەکیتری بە سپای پاسداران بەخشیوە لە بەڕێوەبردنی قەیرانە حکوومەتییەکاندا

سپای پاسداران وەکوو حیزبێکی سیاسیی پادگانی کار دەکات. پێکهاتەیەکی هەرەمی و پلەبەندییانە بە دیسپلینێکی سەربازییەوە تێیدا زاڵە. ئەگەرچی لە نێو سپادا تۆڕەکانی نفووز بوونیان هەیە، بەڵام سوێندخواردنی ڕێکخراوەیی و دیسپلینی سەربازی، ڕێگە بە باڵباڵێنەی سیاسی و فراکسیۆن نادات. بەڵام ڕوونە کە دابەشبوونی کار لە نێو سپای پاسداراندا لە نێوان ئەو بەشەی کە پاراستنی ئاسایش و بەرپەرچدانەوەی لە ئەستۆیە، لەگەڵ ئەو بەشەی کە بەرپرسیارێتی بەڕێوەبردنی مافیای ئابووریی گرتووەتە ئەستۆ، هاوڕێ لەگەڵ ئەو فەرماندە و بەرپرسانەی کە کاروباری دەرەوەی سنوورەکان بەڕێوە دەبەن، زەمینەی درز و لێکترازانیشی لە نێوخۆی سپادا بەتایبەتی لە سەردەمە قەیراناوییەکاندا خۆش کردووە

بەڵام پێچەوانەی سادەبینی و گەشبینییەکانی دۆناڵد ترامپ، کوشتنی خامنەیی و ئەو چاڵانەی کە بۆمبە ئەمریکی و ئیسرائیلییەکان لە تاران دروستیان کردووە، نەک هەر نەیانتوانیوە یارمەتیدەر بن بۆ باڵادەستبوونی باڵی نەرم ئاژۆی ڕژێم (خاتەمی، ڕووحانی یان جەواد زەریف) لە نێو پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا، بەڵکوو ئەم قەیرانی شەڕە پێگەی سپای پاسدارانی بەهێزتر کردووە، بەجۆرێک کە مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەریش کاندیدی دڵخوازی سپای لە سندووقەکانی دەنگدان هێنایە دەرەوە. بێ هۆکار نییە کە ئەڵقەی نزیکانی ڕووحانی لە هەڵبژاردنی ڕێبەر لەم ڕۆژە جەنگییانەدا ئەوەندە تووڕەن و وەکوو «ژەهری کوشندە» ناوی دەبەن. دەرکەوتنی نادروستی هەڵسەنگاندن و حیساباتەکانی دەزگای دەوڵەتی ئەمریکا سەبارەت بە پێکهاتەی حکوومەتی ئیسلامی، ترامپی لە دیاریکردنی ئامانجە سیاسییەکانی شەڕدا تووشی دژبێژی کردووە. ئەوەی بە ڕژێمی ئیسلامی متمانە بەخۆبوونی داوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەمریکا و ئیسرائیلدا —لە کاتێکدا قەیرانە تێکئاڵاوەکان لە هەر لایەکەوە گەرووی دەگوشن— ئیمانی ئایدیۆلۆژیک نییە، بەڵکوو باوەڕبوونە بەم ڕاستییە سادەیە کە لە ئاسمانەوە ناتوانرێت ڕژێمێکی سەرمایەداریی مافیایی حەوتسەر بڕووخێنرێت. ئێستا بەپێچەوانەی سەڵتەنەتخوازە فاشیستەکان، ترامپیش تێگەیشتووە کە بە بۆمب و مووشەک ناتوانرێت کۆماری ئیسلامی بڕووخێنرێت، یان لە ژێر هەژموونی چین و ڕووسیا دەربهێنرێت. لەبەر ئەوەیە کە باس لە «کۆتاییهاتنی شەڕ بەمنزیکانە» دەکات. ئەمریکا ناچارە ئامانجگەلێکی سیاسیی بەردەست بۆ کۆتاییهاتنی شەڕ پێناسە بکات. کۆماری ئیسلامیش مەحکوومە بەوەی لە هەڵوێستەکانی پێشووی پاشەکشە بکات. بێگومان، کۆماری ئیسلامی پاش شەڕ، زۆر لاوازتر دەبێت لە کۆماری ئیسلامیی پێش شەڕ

ئێستا ڕێبەران و پێشڕەوانی بزووتنەوەی کرێکاری و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە باشتر لە هەر کاتێک دەزانن کە شووشەی تەمەنی حکوومەتی ئیسلامی لە دەستی چینی کرێکارەدایە. لەم هەلومەرجەی ئێستادا، بە مانگرتنە کرێکارییەکان لە ناوەندە پیشەسازییەکان و جومگە سەرەکییەکانی بەرهەمهێناندا —وەک پیشەسازییەکانی نەوت و گاز و پترۆشیمی، پیشەسازییەکانی پۆڵا، ئۆتۆمبێلسازییەکان، تواندنەوەی ئاسن (زەوب ئاهەن)، گواستنەوە، پیشەسازییەکانی کارەبا، کانزاکان، هێڵی ئاسن و...— وە بە دەرکردنی فەرمانی ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ و ئازادی بێمەرجی سەرجەم زیندانییانی سیاسی و کۆتاییهێنان بە سزای لەسێدارەدان، دەتوانرێت گەرووی حکوومەتی ئیسلامی زیاتر بخرێتە ژێر گوشارەوە و ماشێنی شەڕ و سەرکوتەکەی بوەستێنرێت

سۆسیالیستەکانی نێو بزووتنەوەی کرێکاری دەزانن کە هیچ ڕێگەیەکی کورتەبڕ بوونی نییە. مانگرتنە سەرتاسەرییەکانی کرێکاران لە ناوەندە سەرەکییەکانی بەرهەمهێناندا، دەتوانێت سەرجەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و نارەزایەتییە پێشڕەوەکانی وەک بزووتنەوەی ژنان، بزووتنەوەی خوێندکاران، بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان، بزووتنەوەی دادخوازی، بزووتنەوەی نا بۆ لەسێدارەدان و... لە کۆمەڵگادا بە شێوەیەکی هاوئاهەنگ بخاتە جووڵە. مانگرتنە سیاسییە جەماوەرییەکان، کە مانگرتنی کرێکاری بڕبڕەی پشتیان پێکبهێنێت، دەتوانن یەکڕیزیی هێزە چەکدارەکان و سپای پاسداران تێکبشکێنن، درزی نێو ڕیزەکانی ئەم هێزانە قووڵتر بکەنەوە و توانای سەرکوتگەرییان زەمینگیر بکەن و، بەم شێوەیە زەمینەکانی ڕێکخستن و خۆئامادەکردن بۆ ڕاپەڕین و ڕووخاندنی شۆڕشگێڕانەی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی فەراهەم بهێنن

❊❊❊

## شێعر

# جەژن و جەنگ

لەم جەژنە کپ و خامۆشەدا
تەنها شتێک خرۆشاوە
تەنها شتێک ناخی سڕبووم دەهەژێنێ
تەنها یەک شت
تارمایی ئەو شێرە ژنانەی
لە شەوێکی سارد و سڕدا
لە سەر چنگ
بە هەورازێکی سەختدا هەڵدەزنێن
ئەو ژنانەی...
خەو چاوانی جێ هێشتوون و
مایەی ساختە قاقای پیاوانن.
سەدان تۆمەت:
"لادان لە یاسا پیرۆزەکان" !؟
بەرەڵایی، بێ ئاوەزی، بێ ئابڕوویی..
بێ.. بی.. بێ هەموو شتێک!
جەژنە و
لەم خۆرهەڵاتە خۆرئاوابوودا
پیاوی خاوەن و ژن و وڵات و جەنگ
دەکوژێ و دەکوژێ
میراتی مەینەتیەکان...
بۆ ژنی خاوەن هیچ، جێ دەهێڵێ!
جەژنە و
شەپۆلەکانی سروودی جەنگ
گەردەکانی هەوا دەخاتە سەما
بۆنی مەرگ پەخش دەکا
بەڵام دەریای خەبات و جەژنی ئێمە
بە دەمی سەگی ئەم جەنگە پیس نابێ!

" سارا"

۸- ۳- ۱۹۹۵

***




**کاتی دەسپێکی بەرنامەکانی تەلەڤیزیۆنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران و کۆمەڵە بە کاتی تاران :**

دەسپێکی بەرنامەکان، ١٦:٣٠ ، چوار و نیوی ئێوارە
دوپاتەی دەوری ئەوەڵ، ٢٢:٣٠، دە و نیوی شەو
دوپاتەی دەوری دوهەم، ٤:٣٠، چوار و نیوی سەر لە بەیانی
دوپاتەی دەوری سێهەم، ١٠:٣٠، دە و نیوی بەیانی

**پێشـــــڕەو**

ئۆرگــانی کومیتەی ناوەندی کۆمـــەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران)

**نوێنه رایه تیی کۆمه ڵه له ده ره وه ی وڵات**
representative@komala.co

**ئیمەیلی دەفتەری پەیوەندییە نێونەتەوییەکانی حیزب**
international@cpiran.org

**دەبیرخانەی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
dabirxane.cpi@gmail.com

**ژمارەکانی پەیوەندی لەگەڵ تەشکیلاتی شارەکانی کوردستانی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران**
٠٠٩٦٤٧٧١٠٢٨٦١٩٣
٠٠٤٣٦٦٠١١٩٥٩٠٧
٠٠٤٦٧٢٩٠٣٠٦٩٦
٠٠٤٥٦٠٩١١٧٨٢
٠٠٤٦٧٣٧١٦٩٧٤٦